# نەوژین

ژمارە (٤٣) تەموزی ٢٠٢٠

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات





لەکەلارەوە شیرینی وڵاتانی دیکە دروست دەکات
5««

ژنانی پەستار لە سەنگەری روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا دا
3««



لۆنا دڵشاد، 15 ساڵ لەگەڵ نوسین و وەرگێڕان
7««



ئەختەر بە دوای کچە خزمەکەی دا دەگەڕێت!
9««



## بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان:

# رێژەی ژنان لە مەڵبەندەکەمان ٣٥٪ـە



■ نەوژین

**بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان**

**رایدەگەیەنێت: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حزب نابێت رێژەی ژنان لە ئۆرگانەکان ٣٠٪ کەمتر بێت، بەڵام لەگەرمیان ٣٥٪ـە.**

بورهان موزەفەر، بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەگەرمیان، لە میانەی دیدارێکی (نەوژین) دا، باس لە پێگەی ژن دەکات لەو حزبەدا بەگشتی و گەرمیان بەتایبەتی، پێیشیوایە بەبێ بەشداریی ژن هیچ کایەیەک بەرەوپێشەوەناچێت. ئاماژەی بەوەدا: لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکگرتوی ئیسلامی دەبێت بەشداری ژنان لە ئۆرگانەکاندا رێژەی ٣٠٪ کەمتر نەبێت، هاوکات لە مەڵبەند و لقەکانیشدا بەهەمان شێوەیە.

ئەوەشیخستەرو کە ئەم رێژەیە لە ئۆرگانەکانی گەرمیانیان دا زیاترە «لە مەڵبەندی یەکگرتو لە گەرمیان رێژەکە سەری ٣٥٪ کەئەمەش بە ئاستێکی باش دادەنرێت».

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەساڵی ١٩٩٤ دامەزراوە، هەر لەوساڵەشدا لە گەرمیان مەڵبەندی کردەوە و ژنان لە رێکخستنەکانیان بەشداربون، بەرپرسی مەڵبەندی چوار جەختدەکاتەوە ئێستا بەشداریی ژنان زۆر کاراترە.

لەبارەی ئەو رۆڵ و دەستکەوتەی ژنان لە ریزەکانی ئەو حزبەدا و بەتایبەتی لە سنورەکەدا بەدەستیانهێناوە، بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکگرتو، وتی: کۆمەڵێک کار و دەستکەوتی ژنان لەناو یەکگرتو بۆ ئێمە جێگەی فەخرن، وەک: پەروەدەکردن، راهێنەرایەتیکردن.

تێبینیەک هەیەلەبارەی ئەوەی بەشداریی ژنان لە کایەی حزبی دا زۆرتر رواڵەتین وەک لەوەی بەشداریی فیعلی بن، (بورهان موزەفەر) لە وەڵامی ئەم تێبینیەدا وتی: لای ئێمە دانانی لێپرسراوی ئۆرگانەکان و بەشەکان لەسەر بنەمای جێندەرە بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتیەکان لە لایەن پیاوانەوە قۆرغ نەکرێت.

ئەو دیدارەی بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە گەرمیان، لە لاپەڕە (٤)ی ئەم ژمارەیەی (نەوژین) دەخوێننەوە.

# ژنە کوژراوەکەی نێوان کەلار- دەربەندیخان ناسنامەی نەناسراوەتەوە

■ نەوژین

**تەرمی ئەو ژنەی بە کوژراوی لە سەر رێگای کەلار– سلێمانی دۆزرایەوە، تاوەکو ئێستا لە پزیشکی دادوەری ماوەتەوە، بە وتەی بەڕێوەبەری ئاسایشی دەربەندیخانیش: هۆکاری کوشتنەکەی دیار نیە و چەند کەسێکیش وەک کەسوکاری ئەو ژنە خۆیان ناساندوە.**

رێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٦) لە سەر رێگای کەلار– سلێمانی و نزیک بە ناحیەی شێخ تەویل، تەرمی ژنێک دۆزرایەوە، بەهۆی نەبونی ناسنامەوە نەناسراوەتەوە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی پزیشکی دادوەریش تەمەنی لەنێوان ٢٥ بۆ ٣٠ ساڵی دایە.

عوسمان محەمەد، بەڕێوبەری ئاسایشی دەربەندیخان، لە لێدوانێکیدا بۆ (نەوژین) جەختی لەوەکردەوە: بە پێی زانیاریەکانیان ئەو ژنە خەڵکی دەربەندیخان نیە، بەڵام دوای کوشتنی تەرمەکەی لەو شوێنەی نزیک دەربەندیخان فڕێدراوە.

بەڕێوبەری ئاسایشی دەربەندیخان، ئاماژەی بەوەشکرد: بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان گومان دەکرێت ژنەکە بە چەک کوژرابێت، بەڵام تاوەکو ئێستا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان و رون نیە بکەرانی کێن و روداوەکە چۆن بوە.

ئەم دۆسیەیە بۆ لێکۆڵینەوە دراوە بە ئاسایشی قەزای دەربەندیخان کە سەر بە ئاسایشی گەرمیانە.

لە بارەی ئاشکرابونی ناسنامەی کوژراوەکەوە، بەڕێوبەری ئاسایشی دەربەندیخان هێمای بەوەکرد: «بەهۆی ئەوەی هیچ ناسنامەیەکی پێ نییە، نەتوانراوە ناسنامەی ئەو ژنە بزانرێت و بناسرێتەوە وبزانرێت کێیە، بەڵام چەند کەسێک وەک کەسوکاری خۆیان ناساندوە».



# خانمانی تەندروستکار بۆ چارەسەری توشبوان دەچنە ماڵان



■ نەوژین، ڕێناس سالح

**«پەیوەندیەکەم لە سەرۆک تیمەکەمەوە بۆ هات، پێی وتم: حاڵەتێک هاتۆتەپێش تەنها تۆش دەتوانین ئەم کارە بکەیت، ناونیشانی ماڵێکی پێمدا، لەگەڵ هاوکارەکانم تیمێکمان دروستکردو بەرەو ماڵەکە کەوتینە ڕێ، کە چومە ژورەوە پیاوێکی بەتەمەن لە سەرجێگەیەک پاڵکەوتبو، ئامێری ئۆکسجین بەسەر دەم و لوتیەوە دانرابو، دەستبەجێ ئەوەی پێویست بو بۆ هاوکارییکردنی ئەنجاممان دا».**

ئەمە چیرۆکی ڕۆژانەی خانمە تەندروستکارەکانی خۆبەخشی تیمێکی تەندروستیە لە گەرمیان، ئەوان لە ڕۆژە سەختەکانی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەبنە فریادڕەسی هاوڵاتیان و ڕێگای نێوان قەزا و ناحیەکان دەبڕن و دەگەنە گەڕەک و کۆڵانەکان و لە دەرگای ژورە داخراوەکانی توشبوانی کۆرۆنا دەدەن و هیوایان بەبەردا دێننەوە و پێیان دەڵێن: ئێوە بەهێزترن لە کۆرۆنا.

دوای ئەوەی کۆرۆنا بە شێوەیەکی چڕ لە گەرمیان بڵاوبویەوە، ئامارەکانی توشبون لە هەڵکشاندابو، وەک راگری پەیمانگای تەکنیکی ئاماژەی پێدا، هەستیان بە بۆشایی کردوە لە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، دوای ئەوەی لەگەڵ لێپرسراوی بەشی تاقیگەی کۆرۆنا لە گەرمیان شەنوکەوی بیرۆکەی تیمی گەڕۆک «تیم مۆبایل»یان کردوە، بڕیاریان داوە هەستن بەم کارە.

د.چیا محەمەد، راگری پەیمانگای تەکنیکی کەلار، باسی لەوەکرد تیمەکە لە ١٥ شارەزای بوارە جیاجیاکانی تەندروستی پێکهاتون کە خۆی لە مامۆستا و خوێندکارانی دەرچوی بەشە پزیشکیەکانی پەیمانگەکە دەبینێتەوە کە حەوتیان لە رەگەزی مێن.

پەخشان لەتیف، پەرستاری زانکۆ و مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار، باسی لە چۆنیەتی پەیوەندیکردنی بە تیمەکەوە بۆ (نەوژین) کرد و وتی: «پاش تاوتوێکردنی بیرۆکەی بەشدارییکردنم لەم پرۆژەیە لەگەڵ ماڵەوەمان، پشتیوانیەکی زۆریان کردم، تەنانەت ئەو رۆژانەشی کە پشومان دەبێت، باوکم پێم دەڵێت بریا تۆ بڕۆیەوە سەرکارەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ نەخۆشەکان بیت».

ژنان و کچانی بەشداری بوی ئەم گروپە خۆبەخشە، دەیانەوێت ئەو پەیامەش بگەیەنن بە کۆمەڵگە کە رەگەزی مێ دەبێت هاوشانی رەگەزی بەرامبەری کاربکات و لە چالاکیە مەیدانی و گرنگەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگا رۆڵی هەبێت.

رەیان ئومێد، پەرستارێکی تیمەکەیە، ئەو لە ناحیەی رزگاریەوە بەیانیان بە هاوەڵی هاوسەرەکەی کە هاوپیشەی خۆیەتی، وەک خیزانێک دێنە سەرکارەکەیان.

باس لەوەدەکات: «دەبێت خێزانەکان ئیتر ئەو بیرکردنەوە وازلێبهێنن کە ژنان و کچان نابێت کاربکەن یان بەشداری ئەم جۆرە چالاکیانە بن، چونکە ئەم تیمە سەلماندی کە پێکەوە بە هێزتر و جوانتر دەتوانین روبەڕوی سەختیەکان ببینەوە».

رۆژانە دوای ئەوەی پشکنینەکان لە تاقیگەی کۆرۆنا ئەنجامەکانی دەردەچن، لیستی زانیاری ئەو کەسانەی کە هەڵگری ڤایرۆسەکەن دەنێردرێت بۆ تیمەکەی پەیمانگای تەکنیکی کەلار، لێرەوە پەیوەندی بە توشبوانەوە دەکرێت و رێنمای پێویستیان پێدەدرێت و پرسیاریان لە بارەی ئەو نیشانانەی نەخۆشیەکەوە لێ دەکرێت کە لێیان دەرکەوتوە.

سیامەند سلێمان، سەرۆکی تیمەکە، باسی لەوەکرد ئەگەر نەخۆشەکە داوابکات سەردانی بکەین یان ئەو نیشانانەی کە باسیکردوە پێویستی بەوە بوە ببیذرێت تیمێک بۆ سەردانیان دەنێرین.

دەڵێت: بۆ تیمەکانیش باڵانسی جێندەریمان پاراستوە، هیچ تیمێک بە بێ بونی هەردو رەگەز دەرناچن.

لە گەرمیان پێشوازیەکی بەرچاو لە کاری ئەم تیمە کرا کە بەخۆبەخشی و بۆ پارێزگاری و پێدانی رێنمای و هاوکاری نەخۆشەکان کاردەکەن، ئەمەش هێندەی تر هانی داون بۆ بەردەوام بون.

رەیان ئومێد، چیرۆکی ژنێکی توشبو دەگێڕێیتەوە کە ٣ رۆژ بو هیچ نانی نەخواردبو، بەڵام دوای ئەوەی سەردانیان کردوە و رێنماییان پێداون، دواتر خێزانەکە پەیوەندیان پێوەکردون و وتویانە خۆشبەختانە دەستی بە خواردن کردوەتەوە.

رەیان، بە دڵخۆشیەوە وتی: ئەوکاتە بەو قسەیە ئەوەندە تاسابوم، لە خۆشیا نەمزانی ماندوبونەکەی ئەو رۆژەم بۆ کوێ رۆشت!

---

## کۆرۆنا کێشەی دەرونی و کۆمەڵایەتی زیاتر کردوە

# ژنێک: کۆرۆنامان لێبوە بە ئەژدیها

■ نەوژین، لەیلا ئەحمەد

**هەمو خەم و دالغەیەکی (ئایشە)، بوە بەوەی چۆن دایکی لەم پەتایەی کە روی لە جیهان کردوە، توش نەبێت و دەربازی ببێت. ئەو کە خۆی و خوشکێکی و دایکی پێکەوە دەژین، دەترسێت ئەم پەتایە دایکی لێبسێنێت کە بە «سایەی سەری» خێزانەکەیانی دەزانێت.**

ئەم دۆخەی (ئایشە)ی تێکەوتوە، بە شێوە و باری جیاواز، لەلای ژنانی تر دوبارە بوەتەوە، هەمویشی هۆکارەکەی پەتای کۆرۆنایە، کە زیاد لە کێشە و گرێ و ئاژاوەیەکی لە دەرونی تاک و نێو ماڵەکان دا دروست کردوە.

بەوپێیەی کە وابڵاوبوەتەوە ئەم ڤایرۆسە بکوژی مرۆڤە بەتەمەنەکانە، بۆیە زیاد لەهەر کەسێک، ئەم توێژە روبەڕوی فۆبیا و ترس بونەتەوە.

ئایشە محەمەد، ٤٣ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە. بە خەمگینیەوە باسی لەوەکرد ئەوان دو خوشکی تەمەن گەورەن لەگەڵ دایکیان دەژین، کە دایکیان چەند ساڵێکە جەڵتە لێیداوە و لەسەر جێگەیە.

وتی: «دەڵێن ڤایرۆسەکە بۆ بەساڵاچو خراپە، زۆر دەترسم بیگرێت، ئەو هەرچەندە زمانی قسەکردن و پێی رێکردنی نیە، بەڵام سێبەری سەری من و خوشکەکەمە».

هاتنی ئەم پەتایە، هیچ شتێکی وەکو خۆی نەهێشتەوە، بەتایبەتی لە بواری کار دا، بەشێوەیەک کە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران بێکار بون و زۆرێک لە خێزانەکان بێ بژێویی کەوتن، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی داهاتیان سنوردارە.

شەیما، ٣٥ ساڵ، باس لەوەدەکات بەهۆی کۆرۆناوە، هاوسەرەکەی کە کرێکاریی دەکات، لەم پێنج مانگەی رابردودا زۆر کەم کاریکردوە، ئەمەش وایکردوە بەردەوام کێشەی داراییان هەبێت.

وتی: ئێستا چەند رۆژ جارێک کارێک دەکات و لە ترسی توشبونی ناوێریت زۆر بڕواتە دەرەوە و کار بکات و بەرکەوتەی لەگەڵ خەڵک هەبێت، ئەمەش وایکردوە وەزعی داراییمان زۆر خراپ بێت بەتایبەتی کە ٣ مناڵمان هەیە.

ئەو باس لەوەدەکات کە بەهۆی ئەم رەوشەوە، زۆرجار لەگەڵ هاوسەرەکەی دا بە شەڕ دێن و کێشەیان لەنێواندا رودەدات.

ئەم کێشە داراییە بۆ زۆرێک لە خێزانەکان شۆڕ بوەتەوە، لەنێویشی دا ئەو خێزانانەی کە پشتیان بە کشتوکاڵ بەستوە.

گەلاوێژ مەحمود، ٤٢ ساڵ، باسی لەوەدەکرد خێزانێکی ٥ کەسین و بژێوییان لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە، بەڵام بەهۆی ئەم دۆخەوە بەرهەمەکانیان ئەمساڵ ئەوەندە قیمەتی نەکردوە.

لەپاڵ ئەم لێکەوتە داراییەدا، هاوکات ترس لە توشبون بە ڤایرۆسەکە، ئەوەندەی تر نیگەرانی کردون و ژیانی تێکداون.



وتی: «بەڕاستی باری دەرونیم زۆر خراپە و شڵەژاوم، ژیانم لێتێکچوە، ئەوەندە لەسەر کۆرۆنا دەبیستین لێمان بوە بەئەژدیها».

لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی کۆرۆنا، بەتایبەتی لەسەر ئەو ژنانە زیاتر بوە کە دایکن و خێزان بەڕێوەدەبەن.

نیگار ئیسماعیل، ٣٩ ساڵ، توشبوی کۆرۆنایە و خاوەنی ٥ منداڵە، باس لەوەدەکات لەو کاتەوەی توشبوە، ئارامیی خێزانەکەی تێکچوە «مێردەکەم بە دەمامک و دەستکێشەوە لەبەردەم دەرگاکە نان و چارەسەرم بۆ دەهێنێت، کچم نیە جێگەم بگرێتەوە، بۆیە زۆر پەرێشانی خێزانەکەمم، نەخۆشیەکەی خۆیشم لەلاوە بوەستێ».

ئەگەرچی خێزانەکان بە قورسیی و کێشە و گرفتەوە رۆژەکانی سەردەمی کۆرۆنا دەگوزەرێنن، شارەزایەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە بەهێز بن و چ نەخۆشیەکە و چ لێکەوتە و چ فۆبیاکانیشی، نەیانبەزێنن.

رۆشنا فەقێ سلێمان، رێنماییکاری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەم لەناکاویە و بەبێ زانیاری پزیشکی و دەرونی ئەوتۆ، خەڵکی تۆقاند و دڵەڕاوکێی دروستکرد، سەرباری بونە هۆکاری خراپبونی دۆخی دارایی و پەیوەندی خێزانی.

باسی لەوەشکرد بەشێک لە کەناڵەکانی راگەیاندن و سۆسیال میدیا و هەروەها شەڕی سیاسی، رۆڵی هەبوە لە زیاتر بڵاوبونەوەی ترس و فۆبیا و تێکچونی متمانە و باوەڕی هاوڵاتیان.

سەرباری ئەوەش پێیوایە کە دەبێت خێزانەکان چاویان لە تێپەڕاندنی ئەم دۆخە بێت، ئەویش بە ئارامگرتن و هێوربونەوە، لەگەڵ پەیڕەوکردنی تەواوەتی رێنمایی و رێکارە تەنروستیە خۆپارێزیەکان.

# ژنانی توشبو چۆن کۆرۆنایان تێپەڕاند؟

■ نەوژین، زریان محەمەد

**»زۆر سەخت بو بۆم کە توشی کۆرۆنا بوم، لەبەر ئەوەی دو منداڵی بچوکم هەبو، لەپاڵ خەمی نەخۆشیەکەم، خەمی ئەوانیشم هەبو«. ئەمە وتەی (ئاوات)ە کە توشبویەکی کۆرۆنایە لەکەلار.**



بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی، ژمارەی توشبوانی کۆرۆنا لەگەرمیان تا (٢٥ی تەموز)، سەروی (٢١٠٠) کەس بوە، ئەگەرچی ژمارەی ژنان لەم ژمارەیە بە وردیی نازانرێت، بەڵام بە نزیککراوەیی نیوەی توشبوان دەبێت.

ژنانی توشبو باس لەوەدەکەن، توشبونیان بۆ کۆرۆنا چاوەڕوان نەکراو بوە.

ئاوات ئەحمەد، ٢٩ ساڵ، دانیشتوی شاری کەلارە، سەبارەت بە چۆنیەتی توشبونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ (نەوژین) باس لەوە دەکات: «سەرەڕای ئەوەی کە زۆر خۆم دەپاراست، بەڵام هەر توشی کۆرۆنا بوم، لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم نیشانە راستەوخۆ پەیوەندیم بە پزیشکەوە کرد، چونکە زۆر دەترسام».

وتیشی: زۆر سەخت بو بۆ من، لەبەر ئەوەی دو منداڵم هەیە بچوکن و ترسام ئەوانیش توش ببن.

بەشێک لە ژنان باس لەوەدەکەن کە بەهۆی توشبونیان بە کۆرۆنا، لەکاروبار و ژیانی ئاساییان دابڕاون.

بانە محەمەد، ٣٠ ساڵ، دانیشتوی شاری کەلارە، لە بارەی چۆنیەتی توشبونی بە کۆرۆنا بۆ (نەوژین) دەڵێت: «کە هەستم کرد توشی کۆرۆنا بوم لە ماڵەوە مامەوە، ئەگەرچی بە ١٢ رۆژ چاک بومەوە، بەڵام وا ٢٩ رۆژە نەچومەتەوە دوکانەکەم بۆ ئەوەی کەسی تر توش نەکەم».

بەشێک لە ژنان بەبێ ئەوەی هیچ پشکنینێکی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بکەن خۆیان لە ماڵەکانیان کەرەنتین کردوە.

تەمین مەحمود، ٦٣ ساڵ، دانیشتوی شاری کەلارە و بۆ (نەوژین) وتی: «هیچ پشکنینێکم نەکردوە بۆ ئەوەی کە بزانم توشی کۆرۆنا بوم یان نا، بەڵام بەردەوام گوێم لە پزیشکان دەگرت کە نیشانەکانی چیبون، بۆیە کە هەستم کرد ئەو نیشانانەش لە من دا هەیە، زانیم کە توش بوم و خۆم کەرەنتین کرد لە ماڵەوە بۆ ماوە ٢٥ رۆژ تێکەڵ بە کەس نەبوم».

یەکێک لە رێگە چارەکان بۆ روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی وتەی پزیشکان پشودانە، لەوبارەیەوە (بانە) دەڵێت: «زۆربەی کاتەکانم بە پشو بەسەردەبرد و لە ناو جێگە دەمامەوە، لەگەڵ ئەوەش سەیری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانم دەکرد و یاریم دەکرد بە مۆبایل، ئەمەش وایکرد بە کەمترین ماوە تێی پەڕێنم».

بەردەوام پزیشکان هۆشداریدەدەن لەوەی کە توشبوانی کۆرۆنا نابێت بەبێ وەرگرتنی رێنمای پزیشکی دەرمان بەکاربهێنن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو ژنانی توشبو چ دەرمانێکیان بەکارهێناوە؟

ئاوات، هێمای بۆ ئەوە کرد: لە کاتی توشبونم، بەپێی رێنمایی پزیشک دەرمانم بەکاردەهێنا، بەجۆرێک حەپی پاراسیتامۆلم بۆ سەرئێشەکەم بەکاردەهێنا لەگەڵ ڤیتامین سی، لەگەڵ خواردنی میوەی زۆر و شلەمەنی و ئاو خواردنەوەی زۆر.

بەشێکی توشبوانیش و لەنێویشیاندا ژنان، پەنایان بردوەتە بەر دەرمانی سروشتی و گیایی.

تەمین، وتی: «مێخەک و شیرم تێکەڵ دەکرد و وەک چارەسەر بەکارمدەهێنان، راستە تۆزێک قورس بو لەسەر گەدەم، بەڵام سودی هەبو».

لە بەرامبەر ئەمەشدا، پزیشکێکی پسپۆڕ ئاماژە بەوەدەکات کە پێویستە توشبوان خۆیان لە بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەری پستڕاستنەکراوە بەدور بگرن.

د. حسین نوری، پسپۆری نەخۆشیەکانی هەناوی لە گەرمیان، دەڵێت: «تاوەکو ئێستا لە هیچ وڵاتێکی جیهانی ڤاکسینی تایبەت بە کۆرنا نەدۆزراوەتەوە کە چارەسەری توشبوانی پێبکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەندێک گیای سروشتی بەکاردەهێنرا یەکێک لەوانە (مێخەک) بو، لە کاتێکدا ئەمە هیچ زانستیانە نیە».

هێمای بۆ ئەوەش کرد: ئەوەی کە پێویستە بەکاربهێنرێت لەکاتی توشبونی سوک و ئاسایی دا، ڤیتامینەکانە لەگەڵ حەپی پاراسیتامۆڵ کە هیچ زیانێکی نیە، لەگەڵ سەوزە و میوە و شلەمەنیەکان، بۆ ئەوەی بەرگری لەشت بەهێز بێت.

# ژنانی پەرستار لە سەنگەری روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا دا





■ نەوژین، ئامینە محەمەد

**ئەگەرچی کارەکەی مەترسی و سەرکێشی تێدایە و خۆیشی کار و دەوامی تری هەیە، بەڵام (چیا) خۆبەخشانە لەو ناوەندەدا دەوام دەکات، کە بە سەنگەری یەکەمی روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا لەگەرمیان هەژمار دەکرێت.**

ئەو سەنگەرەی کە ناومانهێنا، هیچی دیکە نیە جگە لە نەخۆشخانەی قەڵا، ئەو نەخۆشخانەیەی کە نەخۆشانی کۆرۆنای تێدا جێگیر کراوە.

لەو نەخۆشخانەیەدا، ژمارەیەک فەرمانبەر و کارمەند رۆژانە دەوام دەکەن و بە هانای نەخۆشەکانەوە دەچن، لەناو ئەوان دا بەشێکی بەرچاو لە کچان هەن، بەتایبەتی کچانی پەرستار.

ئەوان باس لەوە دەکەن، سەرباری هەمو مەترسیەک، دڵخۆشن بەکارکردن لەو ناوەندە، چونکە بەهانای کەسانێکەوە دەچن کە رەنگە ئەوان دوا هانایان بن.

چیا محەمەد، یەکێکە لە کارمەندە خۆبەخشەکانی نەخۆشخانەی قەڵا، وتی: جگە لەوەی لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی دەوام دەکەم، بەڵام خۆشەویستیم بۆ کارەکەم و گیانی هاوکاری، وایلێکردم لێرە خۆبەخشانە هاوکاری نەخۆشەکان بکەم.

ئەو پەرستارە کە قسەی بۆ (نەوژین) دەکرد، نەیتوانی هەستی شانازیی و خۆشحاڵیی خۆی بشارێتەوە لەبارەی ئەو کارەیەوە کە دەیکات، وتی: «زۆر ئاسودەم کاتێک یارمەتی نەخۆشەکان دەدەم و ئازاریان کەم دەکەمەوە».

نەخۆشخانەی قەڵا کە تایبەت کراوە بە کۆرۆنا، لەلایەن ژمارەیەک خێرخوازەوە دروست کراوە، بەوپێیەی تائێستا بەشێکە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار و بە فەرمیی نەخۆشخانەیەکی سەربەخۆ نیە، بۆیە لەم دو مانگەی کە کراوەتەوە، بە وەجبەی جیاواز کارمەند و ستافی خۆبەخش و گرێبەست کاریان تێدا کردوە.

ئاواز ناسیح، کارمەندێکی گرێبەستە لە نەخۆشخانەی قەڵا، ئاماژە بەوەدەکات ئەرکیان لە نەخۆشخانەکەدا قورسە، بەوپێیەی شەڕی ژیان و مەرگ دەکەن، هەروەک کەمیی یان نەبونی ئامێر و چارەسەرەکانیش، ئەرکی ئەوان قورستر دەکات.

»ئەگەرچی هەندێکجار کێشەی کەمی کارمەند و ئامێری هەناسەدان و هەندێک جۆری دەرمانمان هەیە، بەڵام ئەوەی لە دەستمان بێت و لە بەردەستدا بێت بۆ نەخۆشەکان دەیکەین». (ئاواز) وای وت.

کارکردن لە نەخۆشخانەی تایبەت بە کۆرۆنا لە کاتێکدا هەمو خەڵکی خەمی سەرەکیان بوە بە خۆپاراستن لەو نەخۆشیە، کارێکی قورس و پڕ مەترسیە. بۆ دوربون لە هەر مەترسیەکیش، پەرستارەکان ناچارن جلوبەرگی تایبەتی بپۆشن، کە ئەو جلوبەرگانە بۆ ئەم کەشە گەرمەی هاوینی گەرمیان، پڕوکێنەرە.

باخان ناسح، کارمەند لە نەخۆشخانەی قەڵا، بۆ (نەوژین) وتی: ئەو جلانەی کە بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەبەری دەکەین زۆر گەرمە و تەواو هیلاکمان دەکات، هەروەها ئەو دەرمانانەی بۆ پاکژکردنەوەی خۆمان بەکاری دێنین، زۆرجار توشی هەستیاریمان دەکات، ئەمە سەرباری کێشەی پێنەدانی موچەکانمان.

بەدەر لەوەش پەرستاران گلەییان لەوە هەیە هەندێکجاریش روبەڕوی قسەی ناخۆش دەبنەوە.

(چیا) وتی: هەندێکجار لەگەڵ هاوپیشەکانم دوچاری قسەی ناخۆشی یاوەری نەخۆشەکان دەبینەوە، بەڵام ئێمە لێیان ناگرین و رەچاوی باری دەرونیان دەکەین.

ئەو ئەرکەی کچانی پەرستار لە نەخۆشخانەکەدا دەیگێڕن، بەلای بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەوە مایەی پێزانینە.

د. هاوار وشیار، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار و قەڵا، بۆ (نەوژین) وتی: زۆربەی کارمەندەکانمان پابەندن بە کارەکەیان و دڵسۆزانە ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، لە نێویشیدا خانمانی پەرستار کە بەشێکی زۆریان گرێبەست و خۆبەخشن و شان بە شانی کارمەند و پزیشکە پیاوەکانی نەخۆشخانەکە بەڕوی کۆرۆنادا وەستاونەتەوە.

## بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان:

# سەرجەم ژنە کادیرەکانمان بە هەقی خۆیان پۆستیان پێدراوە

▪ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**ڕێژەی بەشداری ژنان لەمەڵبەندی یەکگرتو بە بەراورد بەناوچەکانی دیکە زۆرترینە، بەرپرسی مەڵبەندەکەش دەڵێت: «بەبێ بەشداری راستەقینەی ژن هیچ کارێک سەرکەوتو نابێت»، ئەمەش لەکاتێکدایە دوای ٢٦ ساڵ و هەشت کۆنگرە تاوەکو ئێستا هیچ ژنێک نەبوە بە بەرپرسی مەڵبەندێکی ئەو حزبە.**

ڕۆژنامەوەی (نەوژین) لە دیدارێک دا لەگەڵ (بورهان موزەفەر)، بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، گفتوگۆ لەسەر پێگەی ژن دەکات لەو حزبەدا لە گەرمیان، تێیدا تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵ و کاریگەری بەشداری ژن لە حزبدا و تێروانینی ئیسلام بۆ ئەو بەشداریکردنە کە زۆرجار دەوترێت دین ڕێگرە لە بەشداری ژن لە کایە جیاوازەکان.

لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکگرتوی ئیسلامی دەبێت بەشداری ژنان لە ئۆرگانەکاندا ڕێژەی ٣٠٪ کەمتر نەبێت هاوکات لە مەڵبەندو لقەکانیشدا بەهەمان شێوەیە.

بورهان موزەفەر، لەبارەی ڕێژەی بەشداریکردنی ژن لە مەڵبەندی گەرمیان ئاماژەی بەوەکرد کە بەشداریکردنەکە سەروی ئەو ڕێژەیە کە لە پەیڕەوی ناوخۆی حزب هەیە «لە مەڵبەندی یەکگرتو لە گەرمیان ڕێژەکە سەری ٣٥٪ کەئەمەش بە ئاستێکی باش دادەنرێت».

ئەوەی کە گرنگە بەلای بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتو، ئەوەیە سەرجەم ژنانی مەڵبەند ئەوانەی کە ئێستا لە ئۆرگانەکانن، بەحەقی خۆیان هاتونەتە پێشەوە و بە کۆتا نەهاتون.

لەبەرامبەردا گرفتێک کە لەبەشداری ژناندا لە حزبەکان هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە بەژمارە و ڕواڵەت بەشدارن، بەڵام بە فیعلی بەشداریەکەیان نابینرێت و کەمترین لێپرسراوێتیان پێدەدرێت.

بورهان موزەفەر، باسی لەوەکرد دانانی لێپرسراوی ئۆرگانەکان و بەشەکان لەسەر بنەمای جێندەرە بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتیەکان لە لایەن پیاوانەوە قۆرغ نەکرێت «بۆنمونە یەکێک لە دیارترین بەشەکانی ناو مەڵبەندی یەکگرتو پەروەدەیە کە کارگێڕەکەی ژنە، هەروەها بەشی بانگەواز ژن ئیدارەی دەدات».

ئەمەش دەبەستێتەوە بە تێڕوانینێک و دەڵێت: «پێمانوایە بەشداریکردنی ئافرەت لە هەمو کایەکانی کۆمەڵگا زەروریەت و پێویستیەکی ژیانە، کۆمەڵگەیەک بیەوێت پێش بکەوێت دەبێت تواناکانی ئافرەت بەکاربهێنێت و ڕۆڵ بدات بە ژن».

لەبارەی ئەو ڕۆڵ و دەستکەوتەی ژنان لە ریزەکانی ئەو حزبەدا و بەتایبەتی لە سنورەکەدا بەدەستیانهێناوە، بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکگرتو شانازی بە کۆمەڵێک دەستکەوتی ژنانی یەکگرتوەوە دەکات و دەڵێت: «کۆمەڵێک کار و دەستکەوتی ژنان لەناو یەکگرتو بۆ ئێمە جێگەی فەخرن، وەک: پەروەدەکردن، ڕاهێنەرایەتیکردن، بەشداریی کارایان لە داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت، هۆشیارکردنەوەی ئافرەت لە بەرامبەر ماف و ئەرکەکانیان، بەشداریان لە گردبونەوە و خۆپیشاندان کە زۆرجار ڕەونەقێکی جوانیان داوە بەخۆپیشاندانەکان».

لەکاتی سەردانی شاندە حزبیەکانی گەرمیان بۆ لای یەکتر و کۆبونەوە گرنگەکانیان، کەمترین ژن دەبینرێت.

لە بارەی ئەمەوە بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکگرتوی ئیسلامی، هێمای بەوەکرد: «خوێندنەوەمان بۆ شاندەکان جیاوازە، بۆنمونە ئەو حزبەی سەردانی دەکەین ژن بەشدارە تێیدا یان نا، بەڵام هەندێکجار ئەو خوشکەی کە لە یەکگرتوە خۆی بە هۆکارێک ناتوانێت بەشداربێت لەگەڵمان».

وتیشی: بەڵام بۆ سەردانی دەزگا حکومیەکان جیاوازە، بیرم نایەت ڕۆشتبین و ژنمان لە گەڵ نەبوبێت، چونکە زۆر بە گرنگمان زانیوە.

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەساڵی ١٩٩٤ دامەزراوە، هەر لەوساڵەشدا لە گەرمیان مەڵبەندی کردەوە و ژنان لە ڕێکخستنەکانیان بەشداربون، بەرپرسی مەڵبەندی چوار جەختدەکاتەوە ئێستا بەشداریی ژنان زۆر کاراترە.

سەرباری ئەوەش یەکگرتو دوای ٢٦ ساڵ و بەستنی ٨ کۆنگرە تاوەکو ئێستا هیچ ژن نەبوە بە بەرپرسی مەڵبەندێک.

بورهان موزەفەر، وەڵامی ئەم پرسیارەی وابەستەکرد بەوەی کە نەبوەتە عادەت کە ژن ببێتە بەرپرسی مەڵبەند ئەگینا هیچ ڕێگریەک لەبەردەمیاندا نیە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند خاڵێک بە هۆکار دەزانێت «بەرپرسی مەڵبەند ئەرکی قورسە لەبەر ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە، لەگەڵ پەیوەندی سیاسی و ئۆرگانی، کەڕەنگە ژن بە ئاسانی نەتوانێت هەستێت بەو کارانە، ئەگینا لە پەیڕەوی ناوخۆ هیچ ڕێگریەک نیە کە ژن خۆی بپاڵێوێت بۆ ئەو پۆستەو بیگرێتە ئەستۆ».

زۆرجار کە باس لە بەشداری ژن دەکرێت لە کایە جیاوازەکان دەوترێت دین و کۆمەڵگە ڕێگرن، پرسیار ئەوەیە یەکگرتوی ئیسلامییش کە حزبێکی ئاینییە، تاچەند هاوڕای ئەم بۆچونەیە؟

بورهان موزەفەر، دەڵێت: ئێمە زو ئەوەمان تێپەڕاندوە کە ژن دەبێت بونی خۆی بسەلمێنێت، دەرگامان بەتەواوی کراوەیە، ئافرەت بۆی هەیە بەشداری بکات، بەڵام بە پێی کۆمەڵێک بنەمای دینی وەک جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی ڕێزدارانە.

لە کۆتایدا (نەوژین) ئەوە دەپرسێت: (بورهان موزەفەر) کە بوە بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکگرتو، چ گۆڕانکاریەکی کرد لە روی بەشداری ژنانەوە؟ لەوەڵامدا وتی: «ڕەنگە شتێکی جیاوازم نەکردبێت، چونکە ئەوەی کە پێویست بوە بە بڕوای من لە ماوەی رابردودا کراوە، بەدڵنیاییشەوە هەرچی لەدەسەڵاتی مندا هەبێت بتوانم بۆ بەرەوپێشچونی ژن بیکەم لە حزب، بێگومان دەیکەم».



---

# لیستە «چەپەکان»ی کوردستان کەمترین پارلەمانتاری ژنیان هەیە




▪ نەوژین

**بەپێی شیکاریی ژمارەی پارلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستان، دەردەکەوێت لیستی یەکگرتوی ئیسلامی و پێکهاتەی تورکمانی، زۆرترین ژنە پارلەمانتار لە ریزەکانیان دایە، هەروەک ئەو لایەنانەش کە بیرباوەڕیان بە چەپ و سۆسیالیستی هەژمار دەکرێت، کەمترین.**

پارلەمانی کوردستان لە ١١١ پارلەمانتار پێکهاتوە، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و بەپێی سیستەمێک کە بە (کۆتا) ناودەبرێت، دەبێت ڕێژەی ٣٠٪ی کورسیەکان بەر ژنان بکەون، بەوپێیەش ئێستا لە کۆی ئەو ١١١ پارلەمانتارە، ٣٤ پارلەمانتاریان ژنن، کە ڕێژەکە دەکاتە (٣٠,٦٪).

بەگوێرەی ئەو بەدواداچونەی (نەوژین) ئەنجامیداوە، ژمارەی ژنان لە ناو فراکسیۆنەکاندا جیاوازە، بەڵام بەگشتی لە خوار نیوەی ژمارەی پارلەمانتارەکانەوەیە.

زۆرترین پارلەمانتاری ژن بە بەراورد بە کورسی فراکسیۆنەکان، لەلای هەریەکە لە لیستی یەکگرتوی ئیسلامی و پێکهاتەی تورکمانە کە هەریەکە و (٥) کورسیان هەیە و لەو کورسیانەش دوانیان بەر ژنان کەوتون، بەوپێیەش ڕێژەکە لەلای ئەوان (٤٠٪)ە.

ئەگەرچی تورکمانەکان لە چوار فراکسیۆنی جیاوازی پارلەمانی پێکدێن، بەڵام بەگشتی لە چوارچێوەیەی ئەو کۆتایەدان کە لە پارلەمانی کوردستان بۆ پێکهاتەکان هەیە.

لەبارەی ئەو لیستانەشی کە کەمترین ڕێژەی ژنیان تێدایە بە بەراورد بە لیستەکانی دیکەی پارلەمانی کوردستان، ئەوا لیستی ئازادیی سەر بە حزبی شیوعی و لیستی سەردەمی سەر بە سۆسیالیست و پارتی کرێکاران و یەکێتی نەتەوەیی، ژنیان تێدا نیە، بەوپێیەی هەر لیستە و تەنها یەک کورسیان هەیە، ئەو کورسیانەش لەلایەن پیاوانەوە گیراون.

هاوکات لەنێو ئەو لیستانەشی دا کە پارلەمانتاری ژنیان هەیە، هەریەکە لە کۆمەڵی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی، لە خوارەوەی لیستی زۆرترین نوێنەر و پارلەمانتاری ژنن.

کۆمەڵی ئیسلامی کە (٧) کورسی لە پارلەمانی کوردستان دا هەیە، (٢) لەو کورسیانەی بەر ژنان کەوتون، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢٨,٥٪).

هەرچی یەکێتی نیشتمانیشە، (٢١) کورسی لە پارلەمان دا هەیە و (٦) لەو کورسیانە بەر ژنان کەوتون، کە ڕێژەکەی بەهەمانشێوە دەکاتە (٢٨,٥٪).

زۆرترین ژن لە نێو فراکسیۆنەکان دا، لە ریزی فراکسیۆنی پارتی دیموکرات دایە کە (١٤) ژنن، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێژەیە دابەش بکەین بە کۆی ژمارەی کورسیەکانی ئەو حزبە لە پارلەمانی کوردستان کە (٤٥) کورسیە، ئەوا ڕێژەکە دەبێتە (٣١,١٪).

خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستان، جیاواز لە خولەکانی پێشو، بۆیەکەمجار ژنان بون بە سەرۆکی، بەشێوەیەک کاتێک پارلەمان بەشێوەیەکی کاتی دەستبەکار بو، پارتی دیموکرات (د. ڤالا فەرید)ی وەکو سەرۆکی پارلەمان بەشێوەیەکی کاتی دەستنیشان کرد.

دوای ڕێکەوتنی لایەنە سیاسیەکان و بەشکردنی پۆستەکانی دەسەڵاتەکانی یاسادان و جێبەجێکردن، یەکێتی نیشتمانی پۆستی سەرۆکی پارلەمانی بەرکەوت و پۆستەکەش درا بە (د. ڕێواز فایەق).

هاوکات هەر لە سەرۆکایەتی پارلەمانیش دا ژنێکی تریش هەیە کە پۆستی سکرتێری سەرۆکایەتی هەیە، کە ئەویش (مونا نەبی قەهوەجی)یە لە پێکهاتەی تورکمان.

## سەندیکای کرێکاران: ڕێژەی کارکردنی ژنان زۆر زیادی کردوە

# کارکردن، ئەو مافەی ژنان دەستبەرداری نابن



▪ نەوژین، سروە کەریم

**سەرۆکی لقی گەرمیانی سەندیکای کرێکاران باس لەوە دەکات کارکردنی ژنان لە سنوری گەرمیاندا بەرەوپێشەوەچونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، چالاکوانێکیش ئاماژە بەوەدەکات ڕێگریەکانی بەردەم کارکردنی ژنان کاڵ بونەتەوە.**

ئەگەر پێشتر کارکردنی ژنان لە کەرتی گشتی «حکومی» دا قەتیس و کورت ببوایەتەوە، ئەوا ئێستا ژنان ئەو دەقەیان شکاندوە و لە کەرتی تایبەتیشدا برەویان بە بەشدارییەکانیان داوە.

پاش تەواوکردنی خوێندن، دەرفەتێکی کارکردنی ئەوتۆ لە کەرتی حکومی دا بۆ (دیلان) نەڕەخسا، ئەمەش وایکرد ماوەیەک بێکار بێت، بەڵام دواتر بڕیاری دا توانا و کاتی خۆی لە بێکاری دا بەهەدەر نەدات، بۆیە روی لە بونیادنانی پرۆژەیەک کردەوە، کە وائێستا بەرهەمەکەی دەچنێتەوە.

دیلان کامەران، ٢٢ ساڵ، لەگەڵ هاوڕێیەکی دا فرۆشگایەکی بچوکی جلوبەرگی خانمان بەڕێوە دەبات. ئەگەرچی پرۆژەکەیان لەسەرەتایە و هێشتا «بچوکە»، بەڵام دڵخۆشن بەوەی دەستیان پێکردوە.

وتی: دڵخۆشین کە توانیومانە کاری خۆمان بخەینە سەرپێ و بەهیوای رۆژێک شوێنێکی تایبەت و گەورەتر بەڕێوە ببەین.

ئەم هیوایە رەنگە تا پێش چەند ساڵێک، لە خەونەوە نزیکتر بوایە هەتا راستی، بەڵام ئێستا رەوشەکە گۆڕاوە و ژنان بە ئاستێکی باش توانیویانە برەو بە کارکردنیان بدەن. ئەم راستیەش بەرپرسی سەندیکای کرێکارانی گەرمیان جەختی لێدەکاتەوە.

عومەر محەمەد، سەرۆکی لقی گەرمیانی سەندیکای کرێکاران و پیشەوەران، بۆ (نەوژین) وتی: ئێستا جیاوازیەکی زۆر هەیە لە بابەتی کارکردنی ژنان دا، پێشوتر کارکردنی ژنان زۆر کەم و سنوردار بو و تەنها لە هەندێک شوێنی تایبەت بە ژنان کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا ڕێژەی ساڵانەی کارکردنی ژنان لەزیادبوندایە.

ئاماژەی بەوەشکرد: پێش ساڵی ٢٠١٥ بەشداریی ژنان لە کار و پیشەکاندا نەدەگەشتە ٣٠٪، بەڵام بەوتەی خۆی ئێستا رێژەکە لە ٥٠٪ نزیک دەبێتەوە بەتایبەتی لەهەندێک بواردا وەکو کارگە و کۆمپانیاکان.

کارکردن کە یەکێکە لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، هۆکارە بۆ گەشەسەندنی ئابوریی، بەتایبەتی کارکردنی ژنان بە یەکێک لە پێوەر و ئاماژەکانی گەشەی ئابوری لێکدەدرێتەوە.

کۆربەندی ئابوری جیهانی (داڤۆس)، راپۆرتی ساڵانەی تایبەتی هەیە لەسەر بەرەوپێشچونی ژنان لەبواری ئابوریدا، تیایدا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە کارکردنی ژن هۆکارێکی بەهێزە بۆ پێشخستنی ئابوری جیهان.

بەشێک لە ژنان بەپێچەوانەی پێشوترەوە کە پاش هاوسەرگیریی دەستبەرداری کارکردن دەبون، بەردەوامن لە کارەکانیان.

ئەژین ئەحمەد، ٢٣ ساڵ، باسی ئەزمونی کارکردنی خۆی دەکات کەچۆن بێ گوێدانە هەر گرفتێک بەردەوامم بوە بۆ ئەوەی هەنگاوێکی نوێ بۆ ژیانی خۆی بنێت.

وتی: تەنانەت دوای ئەوەشی کە هاوسەرگیرییم کرد، بەردەوامم لە کارکردن و ئێستاش رۆژانە کاری خۆم دەکەم.

ئەم بەشدارییەی ژنان لە کارکردن، چالاکوانێکی بواری ژنان وەکو بازدانێکی دەبینێت کە لەماوەیەکی کەمدا رویداوە.

هەودا محەمەد، بۆ (نەوژین) وتی: سەرەتا کارکردنی ژنان وەک کێشەیەکی باوی کۆمەڵگا بو، رۆژانە چەندین کەیس هەبون کە تیایدا رێگری لە ژنان دەکرا ئیشی خۆیان بکەن و خاوەنی ئابوری سەربەخۆی خۆیان بن، بەڵام ئێستا ئەو کەیسانە رو لە کەمبونەوەن.

وتیشی: پێش ٢٠١٥ بەوپێیەی دۆخی ئابوری خێزانەکان باش بون، کەمتر دەرفەتیان بە کچان دەدا بۆ کارکردن، بەڵام دواتر و بەتایبەتی بەکاریگەریی قەیرانی دارایی و نەبونی دامەزراندن، رەوشەکە گۆڕا و وایکرد کچان بەشداریی کارا بکەن لە کەرتی تایبەتیشدا.

ئەو چالاکوانە هێمای بەوەشکرد کە سەرباری لێکەوتە خراپەکانی قەیرانی دارایی، بەڵام وەکخۆی ئاماژەی پێکرد، ئەو سودەیشی هەبوە کە دەرفەتی ژنان بۆ کارکردن برەخسێت و رێگریەکانیان لەو روەوە کەم ببێتەوە.

# لەکەلارەوە شیرینی وڵاتانی دیکە دروست دەکات

▪ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**(ژوان) خەونی ئەوە بو قاوەخانەیەکی تایبەت بە ژنان لە شارەکەی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەو دەرفەتی بۆ نەرەخسا، ئەو بێهیوا نەبو لە تواناکانی و مانگەکانی کەرەنتینەی بە دەرفەتزانی و دەستیکردوە بە دروستکردنی جۆرە جیاوازەکانی شیرینی وڵاتانی دیکە، لە بەرنامەشیدایە کارەکەی لە ئۆنلاینەوە بکاتە کارێکی پیشەیی و شوێنێک بۆ کارەکەی دیاری بکات.**

ژوان جەلال، لە ساڵی ١٩٨٩ لە کەلار لە دایکبوە، پیشەی فەرمانبەرە لە زانکۆی گەرمیان. ماوەی چوار مانگە و لەسەرەتای کەرەنتینەکردن بەهۆی رێکارەکانی روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا، ئەو نەیویست کاتەکانی بە ئاسانی بە بێبەرهەم بڕوات، دەستدەداتە دروستکردنی شیرینی جیاواز و تایبەتی وڵاتانی دیکە و ڤیدیۆی فێرکاریەکانیشی لە ڕێگەی هەژمارە تایبەتەکانی فەیسبوک و ئینیستاگرام بڵاودەکاتەوە.

ژوان، بەمشێوەیە باسی بیرۆکەی کارەکەی بۆ (نەوژین) کرد: لەبەرئەوەی زۆربەی شیرینیەکانی تر لە کافێ و شوێنە گشتییەکان هەیە، بۆیە بڕیارم دا جۆرە شیرینیەکی تایبەت دروستبکەم و خەڵکی شارەکەمی پێ ئاشنا بکەم.

ئەو شیرینیە کە بە «معمول بە سمیدە» واتا (خۆماڵی) ناودەبرێت، بە چوار تامی جیاواز دروست ئەکرێت: فستق، گوێز، خورما و میوە. ئەم جۆرە شیرینە ئێستا بۆتە لۆگۆی کارەکەی ژوان.

«معمول» مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن کە دەکاتە نزیکەی (٥٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا لەوڵاتە عەرەبیەکان بەتایبەتی لە میسر و ئوردن و لوبنان و سعودیە تاوەکو ئێستا بەردەوامە و بە گۆڕانکاری نوێ و شێوەی جیاوازەوە دروست دەکرێت، گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە بۆنەکاندا بەتایبەت لە بۆنەکانی جەژندا.

لەگەڵ ئەمەشدا چەندین جۆری شیرینی وڵاتی دیکەی وەک: ئیتاڵیا، هیندستان و وڵاتانی عەرەبی دروست دەکات، بەڵام بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری و هەندێک لەو پێداویستیانەی شیرینیەکان لێرە دەست ناکەوێت بۆیە جێگیرەوەیان بۆ دادەنێت

لە بارەی هاوکاریکردنی خێزانەکەی بۆ کارەکەی، بەدڵخۆشیەوە باسی پاڵپشتی ئەوانی کرد و وتی: «خێزانەکەم هاوکاری یەکەمی من بون، هاوکات بۆ کڕینی پێدوایستی و بە بازاڕکردنی کارەکەشم هاوکارمن و هەندێکجار بۆ دروستکردنی شیرینیەکانیش یارمەتیدەرێکی باشی منن».

لەگەڵ ئەمانەشدا پچرانی کارەبا بۆ ژوان گرفتە و بەرنامەی کارەکانی تێکەدەدات «لەبەر ئەوەی فڕن بەکاردەهێنم، نەبونی کارەبای نیشتمانی هەندێکجار ئاستەنگم بۆ دروست دەکات».

ئەوەی بۆتە مایەی دڵخۆشی بۆ ئەم خانمە، کارکردنی ژنانی دیکەیە لە بوارە جیاوازەکان، دەڵێت: بەبینینی ئەوان زۆر دڵخۆشم. هاوکات پشتگیری خێزانەکانیش بەهۆکاری یەکەمی سەرکەوتنی ژنان دەزانێت، بۆیە داوادەکات خێزانەکان ببنە هاوکاری کچەکانیان بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجەکانیان.

ئەوەی خەونی ئەم ژوان بوە دانانی قاوەخانە و کافێیەکی تایبەت بە خانمان بوە لە کەلار، بەڵام وەکخۆی دەڵێت: دەرفەت رێگەی بەوە نەداوە، بۆیە ئێستا لە هەوڵدایە شوێنێکی تایبەت بە شیرینی دابنێت.

ئەو شیرینیانەی کە ئێستا (ژوان) دروستی دەکات، لە رێگەی ئۆنلاین و مۆڵەکانەوە دەیفرۆشێت، شیرینیەکانیش بریتین لە دەیان جۆری جیاواز خۆش و بەتام.







# دیزاینەرە دەستڕەنگینەکەی کەلار

■ نەوژین، ئامینە محەمەد

**لەبواری دیزاین و جوانکاریی بۆنە و ئاهەنگەکان دا لەگەرمیان، (ئەسما) ناوێکی ناسراوە، کە بە سەلیقە و وردی لە کارەکەیدا وایکردوە داواکارییەکی زۆر لەسەر بەرهەم و کارەکانی هەبن.**

ئەسما ئەحمەد، کچێکی دانیشتوی کەلارە و ماوەی ٢ ساڵە دەستیکردوە بە کاری دیکۆری ئاهەنگ و بۆنەکانی هاوسەرگیریی و دروستکردنی بابەتی جوانکاریی وەکو: تاج و گوڵ و...هتد.
(ئەسما) لەبارەی کارەکەیەوە بە گەشبینیەوە بۆ (نەوژین) دوا و وتی: دوای ئەوەی خوێندنم تەواوکرد، چەندینجار هەوڵم داوە کارێکم دەستبکەوێت، سیڤیم ئەبرد بۆ هەر شوێنێک سودی نەبو، بەهۆی نەبونی دامەزراندنیش لە کەرتی حکومی دا بێ هیوا بوم لە دامەزراندن، هەربۆیە بڕیارمدا خۆم کارێک بکەم.
ئەو سەرەتا بە کاری دەستی و درومان، دەستی بە کار کردوە، ئەم پیشەیەش لە رێگەی بەرگدورێکەوە فێربوە بە ناوی (گەلاوێژ)، دواتر پەرە بەم دەستڕەنگینیە دەدات و بەشداری چەند پێشانگایەکی کردوە و وەکخۆیشی دەڵێت: «ئێستا لە قۆناغێکی باشی ئیشەکەمدام».
ئەم بەرەوپێشەوەچونەی (ئەسما) هەروا ئاسان بەدیی نەدەهات ئەگەر پاڵپشتی خێزانەکەی نەبوایە، هاوکات نیگەرانیشە لە رکابەریی هەندێک کەس بۆی.
وتی: پشتگیری خێزانەکەم و خەڵکی وایکرد من بەردەوامبم و نەوەستم، ئەگەرچی سەرەتا کارەکە بۆ من قورس بوە، چونکە هەندێک لە هاوپیشەکانم بەربەرەکانێیان دەکردم.
بەڵام ئەو نەوەستاوە، چونکە وەکخۆی وتی: «هەر کەس بە دڵسۆزییەوە مکوڕ بێت لەسەر ئامانجەکەی، هیچ دژایەتیەک نایوەستێنێت».
ئەم مکوڕبونە وایکردوە لە ماوەیەکی کەمدا خواستێکی زۆر لەسەر بەرهەمەکانی پەیدا ببێت.
(ئەسما) ئاماژەی بەوەکرد: ئێستا کارەکانم داواکارییەکی زۆریان هەیە و جگە لە شارەکانی کوردستان لە دەرەوەش داواکاری هەیە، بەڵام بەهۆی داواکاری زۆری ناو شار ناتوانم گەیاندن بکەم بۆ شارەکانی تر و فریا ناکەوم، هەربۆیە دەمەوێت شوێنێکی تایبەت بە ئیشەکەم بکەمەوە و هەلی کاریش بۆ چەند خانمێک بڕەخسێنم.
کارەکانی ئەم خانمە، بریتیە لە دروستکردنی هەندێک جۆری جلوبەرگی کوردیی بە دیزاینی جیاوازەوە، لەگەڵ رازاندنەوەی کەژاوە بۆ ئاهەنگەکانی مارەبڕین و هاوسەرگیریی بە دیزانین و نەخشی نوێ و تایبەتەوە.
بەرهەمەکانیشی لەلایەن ئەوانەی بینیویانە و کڕیویانە، مایەی دەستخۆشیە.
سروشت جەمال، یەکێکە لە کڕیارەکانی بەرهەمەکانی (ئەسما)، وتی: لە رێگەی پەیجەکەیەوە ئاشنای کارەکانی بوم، بۆ ئاهەنگی مارەبڕینەکەم هەمو شتەکانم لای ئەو برد و ئەو رۆژەی بۆ تایبەتتر کردم، چونکە ئیشەکانی زۆر نوێ و تایبەتن.
ئەم دڵخۆشبونەی کڕیارەکان، هاندەرێکی سەرەکی کچە دیزاینەرەکەی کەلارە، بۆ ئەوەی برەوی زیاتر بە کارەکەی بدات.
وتی: ئامانجی سەرەکی من لایەنی مادی نیە بە تەنیا، بەڵکو حەزم لە کارەکەیە و دەمەوێت سودێکیش بە دەوروبەرەکەم بگەیەنم، ئەوکاتە دڵخۆش و ئاسودەم کە کڕیارەکانم ئیشەکەمیان بە دڵ بێت، زۆرجاریش خانم هەبوە لایەنی دارایی باش نەبوە هاوکاریم کردوە و داشکاندنم بۆ کردوە.
ئێستا کە بەکاریگەریی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا زۆر شتی دونیا وەکخۆیان نەماون، ئایا رەوشەکە لەلای (ئەسما) و پیشەکەی چۆنە؟
لە وەڵام دا وتی: داواکاری لەسەر دیزاین و دیکۆرەکانم کەم بوەتەوە، چونکە خەڵک بەهۆی کۆرۆناوە ئێستا کەمتر ئاهەنگ و کۆبونەوە دەکەن، بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا هەر داواکاریی لەسەر بەرهەمەکانم هەیە.







# سەرجەم دەرچوانی بەشێک لە زانکۆی گەرمیان کچن




■ نەوژین، هاوژین مەهدی

**«ئەوەی کە هەمومان کچ بوین وایکردبو پشت بە توانای خۆمان ببەستین»، «مایەی شانازییە بۆ من کە لەو بەشەیا خوێندنم تەواوکردوە».**

**ئەمە وتەی بەشێک لە فێرخوازانی کۆتا قۆناغی بەشی باخچەی ساوایانی زانکۆی گەرمیان بون.**

ئەم بەشە، لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ لە زانکۆی گەرمیان کراوەتەوە، جیاواز لە بەشەکانی تر سەرجەم ئەو فێرخوازانەی لەم بەشە دەستیان کردوە بە خوێندن، کچ بون، ئەمەش بە یەکەم بەش لە زانکۆی گەرمیان هەژمار دەکرێت کە فێرخوازەکانی هەموی کچن.
سەبارەت بە هۆکاری کردنەوەی بەشەکە، د.کریم ئەحمەد، سەرۆکی بەشی باخچەی ساوایان لە زانکۆی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «بەشی باخچەی ساوایان لەسەر بنەمای ئەو بۆچونە کرایەوە کە پێویستیەکی ناوچەکەیە، چونکە دەرچوی بەشی باخچەمان نییە کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت».
لەم رۆژانەدا ئەم بەشە یەکەم پۆلی دەرچوی خۆی کە ژمارەیان ٦٤ فێرخواز بو، پێگەیاند. ژمارەیەک لەو دەرچوانە، باس لە ئەزمونی خۆیان لەو بەشەدا دەکەن.
زریان عەبدوڵڵا، یەکێکە لە دەرچوەکانی بەشی باخچەی ساوایانی زانکۆی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «بەشێکی باش و سەرکەوتو بو، دەمانتوانی بەشداری چالاکیەکان بکەین و هەوڵبدەین بەبێ ئەوەی پشت بە کەسی تر ببەستین».

> بەشەکەی ئێمە لە هەمو بەشەکانی تر ئاکتیڤ تر بو

وەک زۆر بەشی دیکە، فێرخوازانی ئەم بەشەش روبەروی کۆمەڵێک توانج و قسە بونەتەوە کە زۆرینەیان باسیان لەوەدەکرد بەشەکەیان گرنگ نیە و ئەوە ناهێنێت تیایدا بخوێنرێت.
سۆلاف قابیل، دەرچویەکی بەشەکە، وتی: هەرچەندە بەشێکی گرنگە بۆ کۆمەڵگاکەمان، بەڵام زۆربەیجار توشی قسە و رەخنە دەبوینەوە لە خەڵکانی ئاساییەوە تاکو خوێندکاری زانکۆ، لەسەر ئەوەی کە بەشەکەمان بەشێکی باش نیە و منداڵ ئەوە ناهێنێ چوار ساڵ خوێندن و کۆششی بۆ بکەی!
«زۆر جار گاڵتەیان پێ دەکردین ئەیانوت مامۆستای بەبەکان». (پرژە) کە دەرچویەکی ترە، وای وت.
بەڵام وادەردەکەوێت کە ئەو کچانە لێنەگەڕاون ئەم توانج و سوکایەتیانە ساردیان بکاتەوە، بەڵکو سەرباری بەردەوامبون لە خوێندن، چالاکی و بەشداریی تری کارایان هەبوە لە چالاکیەکانی زانکۆ دا.
(پرژە) وتی: بەشەکەی ئێمە لە هەمو بەشەکانی تر ئاکتیڤ تر بو.
بەشێک لەو دەرچوانە، کارابونی بەشەکەیان گرێدەدەنەوە بە مامۆستاکانیان.
رۆشنا نەجم، وتی: «ئەوەی کە هەمومان کچ بوین وایکردبو پشت بە توانای خۆمان ببەستین بۆ هەر کارێک، جگەلەوەش مامۆستاکانیشمان باشترین پاڵپشتمان بون، هاوکار و رێنوێنێکی بێوێنە بون».
ئەگەر کەسانێک هەبن پشتگیریی لە بیرۆکەی تاک رەگەزیی بەشەکانی خوێندن بکەن، ئەوا کەسانی دیکە هەن کە بونی تاک رەگەزی بەخاڵێکی سلبی دەزانن لەوەی لە بانەڕۆژدا نێر و مێ نەتوانن پەیوەندیەکی سروشتیی بونیاد بنێن.
زریان، دان بەوەدا دەنێت کە بەوهۆیەی بەشەکەیان بە تەواوی کچ بون، بۆیە تاڕادەیەک رێگر بوە لە هاورێیەتی و تێکەڵ بونیان لەگەڵ کوڕان.
لەبەرامبەردا (رۆشنا) وای نابینێت و دەڵێت: «خۆ بڕیار نییە تەنیا لە ناو زانکۆ و لە هۆڵەکانی خوێندن دا ئێمە کوڕان بناسین، هەمومان کوڕ لە ناو خێزانمان هەیە و لە ژیانی دەوروبەرمان رەگەزی نێرینە هەن، ئیتر بۆچی ئێمە ناسینی کوڕان و بونی هەر پەیوەندییەکی مرۆییانە لەگەڵیان پەیوەستبکەین بەو چەند کاتژمێرەی دەوام؟».
لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ئەزمونە تاک و ئاوارتەیە، کەچی هەندێک لە دەرچوان پێیانباش نیە بەمشێوەیە بەردەوام بێت.
سۆلاف، رایوایە کە پێویستە بەشەکە خوێندکاری کوڕیشی تێدابێت، بەوهۆیەی ئەم بوارە تایبەت نەبێت بۆ یەک رەگەز «بۆ ئەوەی منداڵانیش لەسەرەتای ژیانیاندا بتوانن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ هەردو رەگەزی مامۆستادا ببەستن».

# لۆنا دڵشاد، ١٥ ساڵ لەگەڵ نوسین و وەرگێڕان



■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**لە خێزانێکی تایبەتی ئەدەبیی دا هاتوەتە بون، لە منداڵیەوە و بە بەرهەمی ئەدەبیی منداڵان، دەستی بە نوسین کردوە و پاشان هەنگاو بە هەنگاو بەردەوام بوە و برەوی بە کار و بەرهەمەکانی داوە، تاگەشتوە بەوەی ئێستا وەکو قەڵەمێکی دیاریی ژنان لە بواری نوسین و وەرگێڕاندا دەربکەوێت.**

لۆنا دڵشاد محەمەد، کچی شەهیدە شاعیری ناسراو (دڵشاد مەریوانی) و ژنە چیرۆکنوس (شیرن.ک)ـە. تەمەنی ٣١ ساڵە و دانیشتوی شاری سلێمانییە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزمان و ئەدەبی ئینگلیزی و ماستەری لە نوسینی ئەدەبی دا هەیە. ئێستا مامۆستایە لە بەشی ئینگلیزی زانکۆی سلێمانی. لە دیدارێکی (نەوژین) دا ئاوڕ لە بەشێک لە ئەزمون و بۆچونەکانی دەدەینەوە.

ئەو باس لەوەدەکات لە هەشت ساڵیەوە بە نوسینی تێکستی ئەدەبیی منداڵان، دەستی داوەتە نوسین، پاشان لە تەمەنی شانزە ساڵیەوە روی لە بواری وەرگێڕان ناوە، دو ساڵ دواتر بە ئینگلیزیی چیرۆکی دەنوسی و بڵاوی دەکردەوە.

لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی دا، بەهرە و ویست و توانایشی هەڵکشاوە، لەپاڵ کاری وەرگێڕان دا کە ژمارەیەک رۆمانی وەکو: (کوشتنی باڵندەی لاساییکەرەوە، تەنیا یەک رۆژی تر، کاتپێو)ی لێکەوتوەتەوە، نوسینی وتار و تێکستی دیکەی ئەدەبیشی ئەزمون کردوە.

لەوەڵامی پرسیارێکی (نەوژین) دا لەبارەی ئەوەی تاچەند ژنانی نوسەر توانیویانە خۆیان بسەلمێنن؟ ئەو ژنە نوسەرە وتی: ئەوەی ئێمەی تێدایین ئەنجامی ئەو هەوڵ و قوربانیانەی ژنانی نوسەری پێش ئێمەن کە توانیویانە خۆیان بسەلمێنن و جێ بۆ ئەوانەی دوای خۆیان خۆش بکەن کە بە متمانە و بوێریەکی زیاترەوە بێنە بوارەکە و ئازادانەتر خۆیان دەربڕن.

ئەو نمونەی ژنە نوسەرانی ساڵانی دوای راپەڕین دەهێنێتەوە «ئەو ژنانە رۆڵێکی گرنگیان هەبوە لە دانانی بناغەیەک بۆ ئەدەبی ژن لە کوردستان، بەڵام لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا بەپێی پێویست نوسەرانی ژنی کورد گەشەیان نەکردوە».

بە رای (لۆنا دڵشاد)، بەشێک لە ژنە نوسەرەکان تەنیا ئامانجیان خۆنواندن بوە «لایان گرنگ بوە دەربکەون لە رێی دروستکردنی کارێکی شۆکەوە، هەشبوە بۆ وەرگرتنی رەزامەندی خەڵک یان لایەنێک نوسینەکانی لەگەڵ نەریت و کۆتوبەندەکان دا گونجاندوە و ناسنامەی ژنانەی خۆیان کردوەتە قوربانی بۆ رازیکردنی دڵی خەڵک».

ئەگەر کاری نوسینی ئەدەبی ریسک و لێکەوتەی بۆ ژنان هەبێت، ئەوا بە رای (لۆنا) لێکەوتەکانی کاری وەرگێڕانیش لەو روەوە کەمتر نین.

وتی: «هەندێکجار نوسینێکم چەندینجار دارشتۆتەوە بۆئەوەی توانجم لێنەدرێت، چونکە بۆ پیاوێک بە قسەی حەق وەربگیرێت، ئەوا بۆ من بە بێئسلوبی و بێڕێزیی لێکدەدرێتەوە، هەزاران جار پێیان وتوم تۆ نوسەر و وەرگێڕ و مامۆستای زانکۆیت، ئەو قسانەت لێ ناوەشێتەوە، ئیتر چۆن ژنان گەشە بکەن؟»

وادیارە ئەو تێڕوانینەی کە لە کۆمەڵگادا باوە و ژنان زۆرتر وەک جەستە دەبینن نەک توانا و کەسایەتی، شۆڕبوەتەوە بۆ بوارە ئەدەبیەکەش، بەشێوەیەک ئاست و توانای ژنانێک کە لەو بوارەدا کاردەکەن، نادیدە دەگیرێت.

لۆنا دڵشاد، لەوبارەوە دەڵێت: ئەگەرچی وەک ژنێک سەرکەوتو بیت، هەمیشە خەڵک وا بڕیاردەدات لە رێگەی جەستەتەوە ئەو سەرکەوتنەت بە دەستهێناوە، نەک بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆت.

ئەم کۆژانانەی ژن لە کۆمەڵگادا، پاڵیان بە (لۆنا)وە ناوە کە زۆرتر لە نوسین و وەرگێڕانەکانی دا گرنگیی بەو پرس و بابەتانە بدات کە پەیوەستن بە ژن و مافەکانیەوە.

ئەمەش تەنانەت لەو خۆشویستن و سەرسامبونی بە نوسەرانیشدا دەردەکەوێت، ئەوەتا دەڵێت: «بەنوسینەکانی: غادە سەممان، ئەحلام موستەغانمی و شەهرەزاد سەرسامم، لەبەر ئەوەی بەبێ دەمامک و بێ مەبەستی شاراوە دەنوسن».

دواین بەرهەمی ئەم ژنە نوسەر و وەرگێڕە کە یەکەم کتێبی نوسراوی خۆیەتی، ساڵی رابردو بە ناوی (من ئەمەم) بڵاوکرایەوە، کە لە لەکۆمەڵێک نوسین و وتار و چیرۆک و پەخشانی ئەدەبی و چەند دەقێکی شیعری پێکهاتوە. کۆتایی هەمان ساڵ بەهۆی زۆری خواست لەسەری، کتێبەکە بۆ جاری دوەم چاپکرایەوە.

ئەو کاری نوسین و وەرگێڕان بە عەشق و پەیام دەزانێت نەک پیشە، بۆیە کاتێک پرسیارمان لێکرد کە چی دەڵێت بەو کچانەی حەزیان لەم بوارە هەیە و دەیانەوێت دەستبەکاربن تیایدا؟ وتی: «پێیان دەڵێم خۆتان بن و وەک خۆتان بنوسن، بە عەشقەوە بەردەوامی بەکاری نوسین بدەن، چاوتان لە ئامانج و ناوبانگ نەبێت، چێژ لە خودی نوسین ببینن».

# کۆژانی کاکەییەکان دەکاتە گۆرانی

■ نەوژین

**لەیەکەم دەستپێشخەریی لەوشێوەیەدا، کچە گۆرانیبێژێکی کاکەیی، کۆژانی کاکەییەکان بەدەست تیرۆر و لە ریشەهەڵکەندنیان لە شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان، دەکاتە گۆرانی.**

روبار رەشید کاکەیی، ئەو کچە گۆرانیبێژەیە کە هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی گۆرانیەک لەبارەی کۆژان و ئازاری کاکەییەکان لە کوشتن و تیرۆر و هەوڵدان بۆ دەرکردنیان لە ناوچەکەیان، گۆرانیەکەیشی بە زاراوەی ماچۆ «هەورامی» وتوە کە زاراوەی قسەکردنی کاکەییەکان و ئەنجامدانی سروتە ئاینیەکانیانە.

ئەم گۆرانیە بە کلیپێک بڵاوکرایەوە، کە بەشێوازێکی درامیی تایبەت دەرهێنانی بۆ کراوە و گرتەی زیندوی شیوەن و شەپۆڕی ئەو خێزانە کاکەییانەی تێکەڵکراوە کە رۆڵە و کەسەکانیان بەر هێرشی تیرۆر کەوتون.

کاکەییەکان کە لە دێرینترین پێکهاتەی ئاینیی کوردستانن، بیروبۆچونی زۆر لەسەر بنەمای ئاینەکەیان هەیە، بەتایبەتی کە خۆیان نایانەوێت هیچی لەبارەوە بدرکێنن و بە نهێنی هێشتویانەتەوە. ئەوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەزۆری لە سنوری کرماشان و ئیلام و لە باشوریش لە کەرکوک و خانەقی و هەڵەبجە جێگیرن.

بەشێک لەو خاکەی کە ئەوانی تێدان لە باشوری کوردستان، بە ناوچەی «جێناکۆک» ناودێر دەکرێت لە نێوان هەرێم و بەغدا دا، ئەمە جگە لەوەی گروپە تیرۆرستییە توندڕەوەکانیش لەو سنورانەدا بونیان هەیە، ئەمەش وایکردوە ناوەناوە هێرش بۆسەر ئەو پێکهاتەیە ئەنجام بدرێت و زیانی گیانی و مادییان لێبکەوێتەوە.

لەم ماوەیەی رابردودا لە ناوچە جیاوازەکانی داقوق و خانەقی، کاکەییەکان روبەڕوی زۆر کردەوەی تیرۆریستی و تێکدەرانە بونەوە، هەر لە کوشتن و دەغڵودان سوتاندن، کە بەرای خۆیان بۆ ئەوەیە ناوچەکە بەجێبێڵن کە شوێنی باوباپیرانیانە.

ئەم هێرشانە بون بە هەوێنی گۆرانیەکەی (روبار). وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات گۆرانیەکەی گوزراشتە لەو نەهامەتی و کارەستانەی بەسەریاندا هاتوە.

ئەم دەستپێشخەریەی (روبار کاکەیی)، دەبێتە یەکەم بەرهەمی هونەریی کە کچێکی کاکەیی لەسەر کۆژانەکانی ئەو پێکهاتە ئاینیە لە هەرێمی کوردستان بەرهەمی بهێنێت.

ئەوەیشی ئەم بەرهەمە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە سەرجەمی ئەوانەی بەشداربون لە دروستکردنی گۆرانیەکەدا، کاکەیین، بەشێوەیەک ئاوازەکەی فۆلکلۆری کاکەییە و تێکستەکەیشی لەلایەن (یاسر عادل کاکەیی) نوسراوە و ژەنیارە موزیکیەکانیش سەرجەمیان کاکەیین.



گۆرانیەکەی (روبار کاکەیی)، لەم رۆژانەی رابردودا کلیپەکەی بڵاوبویەوە و پێشوازیەکی باشی لێکرا و بینەرێکی زۆری هەبو.

وەکخۆیی ئاماژەی بۆ دەکات، ویستیویەتی لەم رێگەیەوە تیشک بخاتە سەر ئازار و نەهامەتیەکانی کاکەییەکان، ئەو پێکهاتەیەی ساڵانێکی دور و درێژە لە کوردستاندا دەژێت و ئێستا لەلایەن گروپە تیرۆرستیەکانەوە هەڕەشە و مەترسیان لەسەرە.

بەگشتی کلیپ و گۆرانیەکە خەمگین و ئازاربەخشن، بەڵام لەلای وەرگرانەوە بە دەستخۆشیی پێشوازیی لێکراوە، بەوەی بتوانرێت ئازاری کاکەییەکان جگە لە نوسین و وتە، بە هونەریش بخرێتەڕو.

# دەرکردن لە خوێندن، ئەو ئازارەی ژنان ناتوانن لە بیری بکەن

■ نەوژین، خۆشبین جەلال

**هەمو ئاواتی (شیرین) ئەوەبو، بتوانێت درێژە بەخوێندنەکەی بدات و لە بەشێک لە بواری پزیشکی دا بڕوانامە بەدەست بێنێت، بەڵام خێزانەکەی لێنەگەڕان ئەو ئاواتەی بەدی بێت و لە خوێندن بێبەشیان کرد. ئەو ئێستا ئەگەرچی دەین ساڵ بەسەر ئەو روداوەدا تێپەڕیوە، بەڵام هەمو کات بە حەسرەتەوە باسی دەکات.**



بەکاریگەریی دۆخی کۆمەڵایەتی و داخراوی لە بیرکردنەوەی خێزانەکاندا، بەشێکی بەرچاوی ژنان لە خوێندن و بەردەوامبون لە خوێندن و تەواوکردنی خوێندنی باڵا بێبەش کراون. ئەوان تائێستاش بە ناسۆرەوە باس لەو روداوە دەکەن و پێیانوایە کە غەدرێکی گەورە بوە بەرامبەر بە ژیان و چارەنوسیان کراوە.

شیرین حەسەن، ٤٣ ساڵ، دانیشتوی کەلارە، لە دوای قۆناغی سەرەتایی لە خوێندن دەرکراوە. باس لەوەدەکات هەمو کات خەم دایدەگرێت کاتێک بیری ئەو روداوەی دەکەوێتەوە و بە ستەمی دەزانێت.

وتی: هەمو ئاواتم ئەوەبو ببم بە پزیشک یان پەرستار و چارەی خەڵکی بکەم، بەڵام بەداخەوە رێگەیان پێم نەدا خوێندن تەواو بکەم.

رەنگە بە بەراورد بە ژنانی دیکە، (شیرین) خۆشبەخت بوبێت کە لێگەڕاون چەند پۆلێکی قوتابخانە بخوێنێت و فێری خوێندنەوە و نوسین بێت، چونکە ژنانی دیکە هەن کە ئەوەشیان پێ رەوا نەبینراوە.

خاوەر عەزیز، ٥٥ ساڵ، دانیشتوی کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: زۆر خەم لەوە دەخۆم کە نەخوێندەوارم و نەمتوانیوە فێری خوێندەواریی ببم.

بە خەمگینییەوە وتی: «زۆر هەست بەکەمی خۆم دەکەم، خۆزگە ژیان دوبارە بوایەتەوە و بمخوێندایە».

ئەم هەست بە ستەم و خەمە، بە رای توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی لەسەر ژیان و دەرونی ئەو ژنانە دروست دەکات.

خەڵات سالەح، توێژەری کۆمەڵایەتی، بۆ (نەوژین) وتی: نەخوێندەواری و بێبەشکردن لە خوێندن، کاریگەری گەورە لەسەر دەرونی ژنان دروست دەکات و هەندێکجار دەبێتە هۆی دروستبونی حاڵەتەکانی گۆشەگیری و خەمۆکی.

گرفتی نەخوێندن و تەواونەکردنی خوێندن، لەوەدا زیاتر چڕ دەبێتەوە کە ئەو کەسە بەشی پێویست هۆشیاریی نابێت، ئەمەش وادەکات کاربکاتە سەر جۆری ژیانی خۆی و خێزان و تەنانەت کۆمەڵگاکەیشی.

خەڵات ساڵح، دەڵێت: «ژنانی نەخوێندەوار هۆشیاریەکی ئەوتۆیان نابێت بەهۆی کەمی ئاستیان لەزانست و زانیاریدا، ئەمەش وادەکات تەنانەت زانیاریی پێویستیشیان لەسەر ئەرک و مافی خۆیشیان نەبێت».

رەنگە زیاتر لەهەر کەسێک، خودی ئەو ژنانە هەست بە کەمی زانیاریی و رۆشنبیریی بکەن، هەربۆیە ئێستا زیاتر لە هەر کەسێک جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە کچان درێژە بە خوێندن بدەن.

خاتون عەلی، ٥١ ساڵ، دانیشتوی رزگاری، وتی: داوا لە کچان دەکەم بخوێنن، لەخوێندنیش بەردەوام بن هەتا داهاتویەکیان هەبێت، با وەکو ئێمە نەبن کە حەز و خولیامان لە رابردو بەجێما.

بەپێچەوانەوە ژنانی دیکەش هەبون کە سەرباری بونی ئاستەنگ و کێشەی جۆراوجۆر و دابڕان لە خوێندن، بەڵام دوبارە گەڕاونەتەوە و لێنەگەڕاون خەون و ژیانیان کۆتایی پێبێت.

هەیفا مەجید، ٣٩ ساڵ، مامۆستایەکی دانیشتوی کەلارە. باس لەوەدەکات ئەو لە سەردەمێکدا خوێندویەتی کە زۆرێک لە کچەکان لە خوێندن دەردەکران، بەڵام چونکە سور بوە لەسەر خوێندن، خێزانەکەیشی پاڵپشتیان کردوە و سەرەنجام توانیویەتی هەمو قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات.

بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو ژن و پیاوانەی بەهەر هۆکارێک لە خوێندن دابڕاون، وەزارەتی پەروەردە خزمەتگوزاریی خوێندنی خێرا یان خوێندنی نائاسایی کردوەتەوە، کە بەشێک لە ژنان رویان لەو ناوەندانە کردوە بۆ درێژەدان بەخوێندن.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: وەکو قەرەبویەک بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە رابردودا دابڕاون یان رێگای خوێندنیان پێنەدرابو، ئێستا خوێندنی خێرا یان خوێندنی نائاساییمان هەیە بۆ گەورەساڵان چ ئافرەت بێت یان پیاو، دەتوانن لەوێدا درێژە بەخوێندەواری بدەن.

لەگەرمیان ٤ بنکەی خوێندنی خێرا و خوێندنی نائاسایی هەن، کە ٢٠٢ ژن تیایدا دەخوێنن.

# ئایا ژن دوژمنی ژنە؟



■ نەوژین، نازەنین گۆران

**«کەس بە قەدەر ژن دوژمنی ژن نیە»، ئەم دەستەواژەیە وەکو وتەیەکی باو لەناو کۆمەڵگادا بەکاردەهێنرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە: تاچەند ئەم قسەیە راستە؟ ئەی ژنان لەبارەیەوە چی دەڵێن؟**

ژنان لەبارەی ئەم پرسەوە دابەش بون بەسەر دو بەرەدا، بەشێکیان پشتیوانی لەم بۆچونە دەکەن، بەشێکی دیکەشیان رەدی دەکەنەوە.

خەڵات سالح، ٣١ ساڵ، باس لەوەدەکات کە هەندێکجار جۆرێک لە دژایەتی هەیە لەنێوان ژنان، بەڵام حاڵەتەکە بە «دوژمنایەتی» نابینێت.

وتی: بەتایبەت لەکار دا هەندێکجار ژنان لە بری ئاسانکاریی، کۆسپ بۆ یەکتری دروست دەکەن.

ئەم ژنە نیگەرانە لەوەی هەندێک لە ژنان بە کەم لە توانای خۆیان دەڕوانن و لە بەرچاوی رەگەزی بەرامبەر بە کەمتر خۆیان دەبینن، لەکاتێکدا وەکخۆی ئاماژەی بۆ کرد: «هیچمان لە پیاو کەمتر نیە».

هەندێکی دیکە لە ژنان بابەتەکە گرێدەدەنەوە بە پرسی بەغیلی، کە زۆرجار ژنێک کاتێک لە بوارێکدا سەرکەوتو دەبێت یان دەردەکەوێت، بەغیلی پێدەبرێت لەناو هاوڕەگەزەکانی دا.

مژدە دڵشاد، ٢٦ ساڵ، وتی: بەداخەوە هەندێکجار بەغیلیەکە دەگاتە ئاستی داتاشینی تۆمەت و هەڵبەستنی قسەی ناڕاست.

لەبەرامبەر ئەم بۆچونانەدا، بۆچونی دیکە هەن کە پێیانوایە مرۆڤەکان بەگشتی لە کێبڕکێدان بۆ پێشکەشکردنی باشتر و بابەتەکەش تەنها تایبەت نیە بە رەگەزی مێوە.

ئیمان ئەحمەد، ٢٧ ساڵ، دەڵێت: هەرگیز بەبێ هۆ دژایەتی ژنێکی تر ناکەم، بەڵام ئەگەر ببینم لەسەر بنەمایەکی ناپیشەیی و ناڕاست ژنێکی ناشارەزا لەکارێک دادەمەزرێت، رەخنە دەگرم، ئەمەش بەمانای دژایەتیکردنی ژن بۆ ژن نیە.

ئەگەر کەسانێک بابەتە بە بەغیلی و ئیرەیی بردن لێکبدەنەوە، ئەوا کەسانی دیکە هەن گرێی دەدەنەوە بە سروشتی ژنانەوە کە بەردەوام دەیانەوێت باشترین بن.

دیلان ئەکرەم، ٢٦ ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: ژن دوژمنی ژن نیە، بەڵکو ژنان لە ئەنجامی بەراوردکاریەکی رەگەزی دەیانەوێت باشترین بن، بەڵام نەک لە ئاستی مرۆڤایەتی، بەڵکو لەئاستێکی جێندەری.

ئەو پێیشیوایە هۆکاری ئەم حاڵەتەش خودی پیاوانە «ژنان هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی لە دیدی پیاوانەوە باشترین بن، بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە دەبێت ژنان هەوڵ بدەن باشترینی خۆیان بن، نەک باشترین بن بۆ پیاوان».

> هەڵەیە کە ژنان هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی لە دیدی پیاوانەوە باشترین بن

ئەگەر ئەم بابەتە لەناو خەڵکی و بەتایبەت لەناو ژناندا لێکدانەوەی جیاوازی هەبێت، ئەوا لە روە زانستییە دەرونیەکەیەوە، هۆکار و پاڵنەری زۆری هەیە.

عەباس مەحمود، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: هەندێک هۆکار هەن وادەکەن ژن رقی لە ژن بێت، ئەو هۆکارانەش پەیوەستن بە باکگراوەندی کەلتوری، دەرونی، یاخود کۆمەڵایەتیەوە.

پێیشیوایە ئەم رق و ململانێیە غەریزەیەک نیە لەگەڵ لەدایکبوندا لە لەش و پێکهاتەی ژنان دا هەبێت، بەڵکو بە گوێرەی دۆخ و حاڵەتەکان لەلای هەندێکیان دروست دەبن.

عەباس مەحمود، ئاماژە بەوەشدەکات هەندێکجار حاڵەتەکان پاڵنەری سۆزداریی (عاتفی)یان هەیە و ژن لەو کاتەدا هەست دەکات لەلایەن کەسێکی ترەوە ماف یان خۆشەویستی یان شتێک کە ئەم حەزی لێیەتی زەوت دەکرێت. هەروەک رەنگە هۆکاری تەندروستیشی هەبێت وەکو خەمۆکی و مناڵبون و دڵەڕاوکێ و بونی حاڵەتی دیکەی دەرونی.

وەک ئەو توێژەرە هێمای بۆ دەکات، خودی خێزانەکانیش رۆڵیان هەیە لە دروستبونی ئەم هەستە لەلای ژنان.

وتی: «ئێمە هەمیشە ژنمان سەرکز کردوە، هەمیشە لەناوخێزانەکان سەرکوتمان کردوە، نەمانهێشتوە دەنگێکی زوڵاڵ بێت، رێگەمان پێ نەداون کێبڕکێی ئازادی تایبەتی خۆی بکات».

# خۆشەویستی یان خاوەنداریێتی؟!

■ ڕێزان حەسەن

**ژن بەسروشت کائینێکی بەسۆزە و حەزکردنی بۆ خۆشویستراویی و گرنگیپێدان لە بونیادی کەسی ئەودایە. ئەوان بەگشتی تامەزرۆی ئەوەن خۆشەویستترین بن لای هەموان و هاوسەریان بەتایبەتی. ئەمە ویستێکی سروشتییە و هیچ جێگای عەیب وعار نیە. بەڵام ژنی وشیار ڕێگە نادات ئەم حەزە سروشتیە بەسەریدا زاڵ بێت، چونکە ئەگەر ئەم لایەنە سۆزداریە بەباشی نەناسرێت و هاوسەنگی ڕانەگیرێت، سەردەکێشێت بۆ زۆر کاری هەڵە و پێچەوانەی سۆز و خۆشەویستی. جا هەمیشە بەهەڵە بەکارهێنان و هەڵە تێگەیشتنی هەستە سۆزداریەکان، هۆکاری لەیەکنەگەیشتن و لێکدابڕانی دڵەکان و تێکدانی شیرازەی خێزانیش بوە.**

خۆشویستن، هەستێکی خۆڕسک و لائیرادییە، کە دڵی مرۆڤەکان بەگشتی (نێر و مێ) داگیر دەکات. خۆشەویستی ڕاستەقینە، لە دڵدا جێگیر دەبێ و لە کردار و گوفتاردا ڕەنگ دەداتەوە.

کەوایە لێیگەڕێ ئەو خۆشەویستیەی لە دڵتدایە بەسروشتی خۆی نەشونما بکات و خۆ بنوێنێت. کاتێک بەڕاستی و لەناخی دڵەوە کەسێکت خۆش دەوێت، پێویست بە هەوڵی کرداری یان گوفتاری تۆ ناکات بۆ تێگەیاندنی کەسی بەرامبەر، ئەو خۆی تێدەگات، دڵەکان خۆیان بەیەک دەگەن و خاوەنەکانیان لەو پەیوەندیە بە ئاگا دێنن. چ جای ئەو کەسە باوکی منداڵ و هاوبەشی ژیانیشت بێت.

من کەلێرەدا سەرنجم لەسەر خۆشویستنی ژنانە بۆ مێردەکانیان، ئەمەوێت ئەوە بڵێم: ئەگەر تۆی ژن پێتوایە ئیرەیی لە مێردەکەت، چاودێری کردنی مێردەکەت، پەرچەکردار و خاوەنداریێتیکردنی مێردەکەت، خۆشەویستی تۆ بۆ مێردەکەت ئەسەلمێنێت و چاوەڕوانیشیت مێردەکەت لەوە تێبگات، دڵنیابە زۆر لە هەڵەدایت!

ئێ خۆ منیش ژنم و لەو هەست و سۆزە بەباشی تێدەگەم. تەنانەت ئەگەر هەرچی خۆشەویستی دونیایە لە دڵی پیاوێکدا کۆببێتەوە بۆ من، هێشتا حەزم لە زیاترە!

بەڵام ئەگەر تێبفکرین و بیربکەینەوە، تێدەگەین ئەمە پێچەوانەی عەقڵ و ئاوەزە، پێویستە مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی، لە پێش هەمو کەسێکەوە خۆی خۆش بوێت.

مرۆڤ کە خۆی خۆشویست، گرنگی بە خودی خۆی دەدات و هەمیشە لە هەوڵی جوانکردنی خۆیدایە لە ڕوی: (دەرونی، بیرکردنەوە، جەستەیی، کردار و گوفتاری)ەوە. یانی کار بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری و پێگەیاندنی خودی خۆی دەکات. کە لەئەنجامدا خودی خۆی دەناسێت. بڕوا و متمانەی بەخۆی و هێزی خۆشەویستیەکەشی دەبێت. تاکێکی تێگەشتو و کامڵ دەبێت بۆ خۆی و کومەڵگا. عەشقەکەشی لە جێی خۆیدایە و بەسروشتی خۆی پێدەگات و بە دروستیش دەگات بە هاوسەرەکەی.

تۆ تاقیبکەوە، کاتێک قسەیەک لە دڵەوە دێت، دەگات بەدڵ. ئیتر چۆن دەکرێت خۆشەویستییەک بەو گەورەیی و پیرۆزیەوە لە دڵەوە بێت و نەگات بەدڵ؟!

> خۆشویستن هەستێکی خۆڕسک و لائیرادییە دڵی مرۆڤەکان بەگشتی داگیر دەکات



کەوایە لەبری ئەوەی لە خۆشەویستی مێردەکەتدا ڕۆچیت و خۆت ون بکەیت و هەمیشە لەترسی لەدەستدانی دڵی مێردەکەتدا بژیت، پێویستە خۆت بیت و لەپێشدا خۆتت خۆش بوێت، ئەوکات مێردەکەشت بۆ هەمیشە هی تۆیە و لەخۆشەویستی تۆدا دەبێت.

ژن تا دەست لەخاوەنداریێتیکردنی پیاو هەڵنەگرێت، ناتوانێت خۆی بدۆزێتەوە، تا خۆیشی نەدۆزێتەوە، ناتوانێت پێبگات و وشیار بێت. نکۆڵی لەوەش ناکرێت کە ژن خاڵی وەرچەرخانی کۆمەڵگایە و تا ژن وشیار نەبێت کۆمەڵگاش بەرەوپێش ناچێت!

مێردەکەت بەخۆشەویستی خۆت بزانە، نەک بەموڵک و بەندەی خۆت. لەپێشدا عاشق بەخۆت بە!

---

# ئەختەر بە دوای کچە خزمەکەی دا دەگەڕێت!



> نەمویست ڕێگە بگرم لەو ماچانەی، کە تامەزرۆیی ئەو بون بۆ کچەکەی

> ئایا ئەختەر ئەمشەو لە خانەکەدا بۆ من دەگەڕێت؟

■ سارا مەجید

**هەر کە لەدەرگاکە ڕۆشتمە ژورەوە و سڵاوێکم لێ کردن، ئەو بە شەقەوق و پێکەنینێکی زۆرەوە، وەک ئەو پێکەنینە پڕ لە لەرز و نائاساییەی کە دوای دۆزینەوەی هیوایەکی لەدەستچو مرۆڤ دەخاتە دۆخی بورانەوە، لەبەر پێم هەستا و دەستی گرتم. دەستی گرتم و وتی: «بەخوا لەلام دادەنیشیت، تۆش هەروەک کچەکانمی»!**

لەتەنیشتی دانیشتم.

دەستی کردە قسەکردن: «کە هاتیتە ژورەوە، یەکسەر ناسیتمەوە. ئەوسا دایکت زۆر دەهات بۆماڵمان.»!

من کە دەستی ڕاستم لە نێو هەردو دەستە سارد و چرچولۆچەکەیدا بو، لەقسەکانی حەپەسابوم و دڵنیابوم لەوەی نە من و نە دایکیشم قەت ئەو ژنەمان نەبینیوە و نایناسین. دواتر تێگەیشتم کە ئەم ژنە زاکیرەی لەدەستداوە و منی لێبوە بە یەکێک لە کچە خزمەکانی!

زۆر بە دڵخۆشی و تامەزرۆییەوە قسەی بۆ دەکردم. ئەو ژنە تامەزرۆیە (ئەختەر) بو. ئەختەر، ناوی خوازراوی ژنێکی بەتەمەنە، کە لە (ماڵی حاجی ئاهوی خێرخوازی بۆ لەخۆگرتنی بەساڵاچوان) لە گەرمیان دەمێنێتەوە.

کە لێم پرسی دایەگیان بۆ لێرەیت؟ کچ و کوڕت هەن؟ بەدەم دو قەترە فرمێسکەوە کە لەچاوەکانیدا گیریان خواردبو و دودڵ بون لەوەی بەسەر ڕومەتە شاگەشکەکەیدا بێنە خوارەوە، یاخود هەر لە چاوەکانیدا بمێننەوە، وتی: « کوڕەکەم شەهید بو لە......» دوای وشەی شەهید بو، چەند وشەیەکی تری تێکەڵوپێکەڵ کرد، وەک: (بەغداد، داعش، جەنگ، خانەقین و شەڕەکەی هین)، بەڵام بەهۆی لەدەستدانی زاکیرەیەوە نەیدەزانی لە کوێ شەهید بوە.

ئەختەر خەڵکی خانەقینە و دو کچە مێردکردوەکەی چوار مانگ بەرلەئێستا، دەیهێنن بۆ ماڵی حاجی ئاهوی خێرخوازی لە کەلار، کە تایبەتە بەلەخۆگرتنی بەساڵاچوان و مناڵانی بێ سەرپەرشت.

ئەختەر زوزو دەیوت: «دانیشە با کولیچەت بۆ دروست بکەم».

سەرپەرشتیارانی ماڵی حاجی ئاهو گێڕایانەوە: ئەم ژنە کولیچە دروستکردن یەکێکە لەباسە سەرەکییەکانی، بەو پێیەی دەگێڕنەوە کاتی خۆی ژنێکی خانەدان بوە.

من وام مەزەندە کرد بە بینینی من، ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتبێتەوە کە کولیچەی بۆ کچەکانی دروستکردوە.

کە هەستام بەجێی بهێڵم، بەخۆشییەکی زۆرەوە لە دەموچاویدا کە هەرگیز مەزەندە ناکرێت، دیسان وتی: «بەخوا هەر هاتیتە ژورەوە ناسیتمەوە. دایکت جاران زۆر سەری لێمان دەدا، سەلامی لێبکە».

دەستە لەرزیوەکەی دەستە ڕاستم، لەنێو دودەستە چرچولۆچەکەی دەرهێنا. بەزۆر دەستی ماچکردم. دواتر سەری ماچکردم، ئینجا شانم. نەمویست ڕێگە بگرم لەو ماچانەی، کە دڵنیابوم لەوەی تامەزرۆیی ئەون بۆ کچە ونبوەکەی، کچە خزمەکەی، کە من بوم لەزاکیرەی شێواوی ئەودا.

ڕەنگە دەستبەردان و هەستانی من، ئاماژەی دواین ماچ و دواین ئومێد بن لە لای ئەو، هەر بۆیە نەیدەویست لێم ببێتەوە.

یەکترمان بەجێهێشت.

ئێستا کە ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە، بیرلەوە دەکەمەوە: ئایا ئەختەر ئەمشەو لە خانەکەدا بۆ من دەگەڕێت و خەوی لێناکەوێت؟

بەڵام تاکە هیوایەک کە هەمە ئەمەیە: ڕەنگە زاکیرە شێواوەکەی ئەختەر، ئەمشەو منی لە بیر بەرێتەوە.

# منداڵی بلوری.. دواهیوای ژنان بۆ بون بە دایک

■ ئەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**(ئیمان) دەیویست وەک هەر ژنێکی تر ببێتە خاوەن منداڵ، بەڵام بونی کێشە لە پیتاندنی هێلکە و دروستبونی کۆرپەلە لەناو منداڵدانی دا، لێنەگەڕا ئەو خەونەی بەدیی بێنێت، بۆیە روی لەو شێوازە کرد کە بە «بلوریی» ناسراوە و لەو رێگەیەوە بو بە خاوەنی منداڵێک.**



بەشێک لە هاوسەران بەهۆی کێشەی بایەلۆژیی و بونیادیی لە جەستەیاندا، بێبەش دەبن بەوەی لە رێگەی ئاسایی و سروشتیەوە ببنە خاوەن منداڵ، هەربۆیە رو لە سەنتەرەکانی چاندنی منداڵ دەکەن کە بە منداڵی بلوریی ناسراون.
ژنان باس لەوەدەکەن، ئەو پرۆسەیە لە روی کات و ئەنجامدان و هەروەها تێچونیشەوە، وردەکاریی زۆری هەیە.
ئیمان، ٣٢ ساڵ، دوای ٥ ساڵ چاوەڕوانی، نەیتوانی ببێت بە دایک. وتی: «زۆر چاوەڕێم کرد بە سروشتی منداڵم ببێت، بەڵام نەمبو، بۆیە روم لە سەنتەرێکی چاندنی منداڵ کرد لە سلێمانی، تێچوی منداڵبونەکەم بەهەمویەوە گەیشتە ٩ هەزار دۆلار».
دانانی منداڵی بلوری لە روە زانستیەکەیەوە، بریتیە لە پیتاندنی هێلکە و تۆو لەدەرەوەی لەشی دایک، پاشان گەڕاندنەوەی ئەم هێلکە و تۆوە پیتێنراوە بۆ ناو منداڵدانی دایکەکە. لەکاتی ئەم پرۆسەیەدا ٢٠ تۆو و ٢٠ هێلکە وەردەگیرێت، بەبەکارهێنانی ئامێری تایبەت پیتاندنیان بۆ دەکرێت و دەگەڕێنرێنەوە بۆ منداڵدان. ئەم چاندنەش بۆ ئەو کەسانە ئەنجام دەدرێت کە بە سروشتیی ناتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن، رێژەی سەرکەوتنی پرۆسەکەش لەنێوان ٤٠ بۆ ٥٠٪ـە.
بەشێک لەو ژنانەی کە پەنا بۆ ئەمجۆرە لە دروستکردنی منداڵ دەبەن، بەهۆی هەڵکشانی تەمەنەوە روبەڕوی بونەتەوە، بەڵام بەشێکی تریشیان گەنجن و بە سروشتی خۆیان یان هاوسەریان کێشەیان هەیە لە دروستکردنی منداڵدا.
سروە، ٣٠ ساڵ، یەکێکی ترە لەو ژنانی چاندنی منداڵی کردوە، وتی: «منداڵەکەم تەمەنی ٦ ساڵە بە رێگەی بلوری هاتە دونیاوە، سوپاس بۆ خوا تەندروستی زۆر باشە، بەو رێگایە نەبوایە تاوەکو ئێستا دایکایەتیم نەدەدی».
منداڵی بلوری لە روی تێچونەوە پارەی زۆری دەوێت، بەپێی بەدواداچونەکانی (ئەوژین) لە سەنتەرەکانی تایبەت بە منداڵی بلوری، نرخی دانانی منداڵ بەبێ رەگەز دەگاتە بە تا ٢٥٠٠ دۆلار، بەڵام بە دیاریکردنی رەگەزەوە هەزار دۆلاری تری بۆ سەربار دەبێت.
ئەم پرۆسەیەش گرنتیکراو نیە و هەمو جارێک سەرناگرێت.
هاوناز، ٣٩ ساڵ، ماوەی ١٥ ساڵە هاوسەرگیری کردوە و رێگەی منداڵی بلوری تاقیکردوەتەوە، بۆ (ئەوژین) وتی: لەسەنتەرێکی چاندنی بلوری لە هەولێر منداڵم دانا، نزیکەی دەفتەرێک دۆلار لەسەرم کەوت، بەڵام منداڵەکەم بە ٥ مانگیی لە سکمدا لەبارچو.
بە رای پزیشکێکی ناسراوی ئەو بوارە، زۆر هۆکار هەن لە پرۆسەی سەرگرتنی دروستبونی منداڵی بلوریی بە سەرکەوتویی.
د. ئامانج رەحیم، پسپۆڕی ژنان و منداڵبون، بۆ (ئەوژین) وتی: «تەمەن بە پلەی یەکەم کاریگەری هەیە لەسەر سەرکەوتنی دروستبونی منداڵەکە».
وتیشی: ئامۆژگاری نەخۆشەکان دەکەین کە دوای پرۆسەکە بڕۆنەوە سەر کار و ژیانی ئاساییان، بەڵام دوای ١٥ رۆژ پشکنینیان بۆ دەکەین بزانین منداڵەکە دروست بوە یاخود نا.
سەرباری روکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوسەران لەمجۆرە منداڵبونە، بەڵام بەشێکی تریان بە هۆکاری ئاینی، دودڵن لە ئەنجامدانی، زانایەکی ئاینیش بۆچونی شەرع لەوبارەوە دەخاتەڕو.
محەمەد مەحمود، مامۆستای ئاینی، بۆ (ئەوژین) وتی: منداڵی بلوری لەڕوی شەرعەوە رێگەپێدراوە بەو مەرجەی تۆوی باوکەکە و هێلکەی دایکەکە لە خۆیان بێت و لەدەرەوە بپیتێنرێن و بگەڕێنرێنەوە بۆ رەحمی دایکەکە، بەڵام ئەگەر تۆوەکە لە پیاوێکی تر بێت و بپیتێنرێت لەگەڵ هێلکەی دایکەکە، رێگەپێنەدراوە.

> زۆر چاوەڕێم کرد بە سروشتی منداڵم ببێت، بەڵام نەمبو

> تەمەن کاریگەری هەیە لەسەر سەرکەوتنی دروستبونی منداڵەکە

---

# گرێی چەوریی مەمک چییە؟

■ ئەوژین،
ئامادەکردنی: ئامینە محەمەد

**گرێی (لو) مەمک بریتیە لە زیادە گەشەی خانەکانی ناو مەمک، ئەویش دو جۆرە: گرێی شێرپەنجەیی و گرێی سادە. هەرچی گرێ سادەکەیە پێشی دەوترێت (گرێی چەوری مەمک)، کە گرێیەکی بەرجەستەیە کە بە زۆری لە ئافرەتانی تەمەن نێوان ١٥ بۆ ٣٥ساڵیدا دەردەکەوێت.**



گرێی چەوری مەمک لەوانەیە گرێیەکی جێگیر و نەرم و لاستیکی یان رەق بێت کە شێوەیەکی رێکی هەیە. بەگشتی ئەم گرێی چەوریانە ئازاریان نییە. لەوانەیە وەک هەڵماتێک لە ژێر پێستی مەمکتدا هەستی پێبکەیت کە بە ئاسانی دەجولێت لە کاتی پشکنینیدا. ئەم گرێ چەورییانە قەبارەیان جیاوازە، بەگشتیش زۆر بچوکن و قەبارەیان ١ یان ٢ سانتیمەتر دەبێت و زۆر بەدەگمەن قەبارەیان لە ٥ سانتیمەتر زیاتر دەکات. دەکرێت خۆیان گەورە ببن یان لەناو بچن بە بێ چارەسەر وەرگرتن. گرێ چەورییەکان یەکێکن لە باوترین گرێ پاکەکانی مەمک لە ژنانی گەنجدا. چارەسەری ئەم گرێیانە چاودێریکردنی گرێیەکەیە بۆئەوەی بزانیت کە قەبارەیان گەورە دەبێت یاخود نە، یان زەرع دەکریت بۆئەوەی سروشتی گرێیەکە بزانین، یان بە نەشتەرگەری لادەبرێت.

* نیشانەکانی گرێی چەوری مەمک
١. گرێییەکی خڕە وە بە ئاشکرا دەبینرێت، دەوروبەرەکەی نەرمە.
٢. بە ئاسانی دەجولێت.
٣. هەندێکجار گرێیەکی تونده یان لاستییکییە.
٤. بێ ئازارن.
٥. دەشێت لە مەمکێکیاندا یان لە هەردو مەمک دا گرێیەکی چەوری یان زیاتر هەبێت.

* چ کاتێک سەردانی پزیشک بکەیت بۆ ئەم حاڵەتانە؟
١. ئەگەر هەستت بە گرێیەکی نوێ کرد لە مەمکتدا.
٢. هەر گۆڕانکارییەکی دیکە کە لە مەمکتدا هەستت پێکرد.
٣. گرێیەک کە پێشتر پشکنینت بۆ کردوە و ئێستا گەورە بوە یان گۆڕاوە بە شتێکی دیکە، یان وا دەردەکەوێت کە شتێک بێت جیاواز بێت لە گرێ چەورییەکانی ژێر پێستی مەمک.

* جیاوازی نێوان گرێی شێرپەنجەیی و گرێی چەوری
١. گرێی شێرپەنجەیی خێراتر گەشە دەکات، ئەگەرچی گرێی شێرپەنجەییش هەیە گەشەی سستە، بەڵام ئەوەی بڵاو دەبێتەوە گەشەی خێرایە.
٢. گرێی شێرپەنجەیی دەتوانێت دەوروبەری داگیر بکات و هەوڵی گەیشتن بە تەواوی لەش دەدات و توانای بڕینی پەردەی شانە توشنەبوەکانی هەیە، بەڵام گرێی چەوری تەشەنە ناکات.
٣. گرێی پیس دەتوانێت لە رێگەی خوێن و لیمفەوە بڵاو ببێتەوە، بەڵام گرێ یان لوی ئاسایی تەنیا لەو ناوچەی لێیەتی بونی هەیە.
٤. گرێی چەوری دەتوانرێت لە رێگەی نەشتەرگەرییەوە لابدرێت و دوای لابردنیشی کەمتر ئەگەری دروستبونەوەی هەیە و ئەگەر هاتەوەش لە هەمان شوێن دەبێت، کەچی گرێی شێرپەنجەیی کە بڵاو دەبێتەوە، بەلابردنیشی ئەگەری هاتنەوە یان دروستبونی لە شوێنی تر هەیە.
٥. لەژێر وردبین دەتوانرێت لێک جیابکرێنەوە بەوەی خانە شێرپەنجەییەکان کرۆمۆسۆم و ترشی ناوکی نائاساییان هەیە و ئەوەش وا دەکات ناوکی خانە گەورەتر و رەنگ تێرتر بێت و شێوەی خانەکانیش جیاوازن لەگەڵ ئاسایی.
٦. هەندێک گرێی چەوری چەند جۆرە هۆرمۆنێک دەردەدەن، بەڵام گرێی شێرپەنجەیی چەند جۆرە مادەیەک دەردەدات کە کاریگەری نەرێنیان هەیە وەک ماندوکردن و دابەزینی کێش.
٧. چارەسەری گرێی چەوری بە نەشتەرگەری دەبێت، هەندێکیشی کە زیانی نییە وازی لێ دەهێنرێت و خۆی نامێنێت، لەکاتێکدا گرێی شێرپەنجەیی پێویستی بە چارەسەری کیمیایی و تیشکی هەیە بۆ نەهێشتنی و رێگرتن لە بڵاوبونەوەی.

> بەگشتی ئەم گرێی چەوریانە ئازاریان نییە

# چۆن کەسێکی سەرکەوتو دەبیت؟

■ شنە تۆفیق

**بۆ ئەوەی کەسێکی سەرکەوتو بیت، هەمیشە کەسێکی ئامانجداربە و نەخشە و پلانت هەبێت لە ژیان، ئامانجەکانت دیاری بکە و هەوڵبدە هیوا و ئامانجەکانت گەورەبن، چونکە خوا بەهرە و توانای بێ سنوری بە مرۆڤ بەخشیوە، کەواتە تۆ دەتوانی کاری گەورە ئەنجام بدەیت، بەڵام بۆ ئەوە، دەبێت ئیرادەیەکی بەهێز لە کەسایەتی خۆتدا دروست بکەیت و پاشان دەستپێبکەیت.**

ناخی خۆت نزیکترین کەسە لێتەوە، بۆیە پێش هەر شتێک هەوڵبدە خۆت بناسە و بزانە وزەی پێویستت لە چ رویەکەوە هەیە و پەرەی پێ بدە بۆ ئەوەی سەرچاوەکەی دەوڵەمەندتر بکەی.
گرنگ نییە مرۆڤ لە چ بوارێکدا زیرەکە، ئەگەر بە کردەوەکانی نەتوانێت بچوکترین گۆڕانکاری لە ژیاندا پێکبێنێت.
لە نێوان زانینی بەتاڵ و زانین لە بەرێوەبردندا جیاوازیەکی زۆر هەیە، مەعریفە و زیرەکی بێ کردەوە، هەردوکیان بێ نرخن بەم سادەییە.

رێگەچارە چیە؟
سەرکەوتن لە بڕیارداندا بۆ ژیانکردن، توانەوەی خۆت لە کەوتنە دوای ئامانجەکانت خۆی شاردوەتەوە، هەربۆیە بڕیار بدەن دەست بەکار بن، ناتوانن شتێک کە بەدروست هەڵتاننەسەنگاندوە کۆنترۆڵ بکەن، ئەو شتەی کە هەڵیدەسەنگێنیت داهاتوت دیاری دەکات.
ئەگەر نمونەی دروست تاوتوێ نەکەن لەهەمبەر ئەو دەرفەتانەی بۆتان دێتە پێش، کوێر دەبن، دەبێت شتێک هەڵسەنگێنن کە راستەوخۆ بەئامانجی سەرەتای ئێوە پەیوەندیدارن، رێگەچارە و شێوازی شیاویش ئەوەیە بزانن ئامانجی سەرەکیتان چییە؟ دواتر راستەوخۆ ئەو شتانەی کە لە گەیشتن بەو ئامانجەدا بەشدارن، هەڵسەنگێنن.
کاتێک دەتوانین بەو ئامانجانە بگەین کە بۆخۆمان دیاریکردوە، بێ هیوا و دڵسارد دەبینەوە و ناتوانین بەرەو روی کێشە نوێیەکان بینەوە یان تەنانەت ناتوانین ئەو کارەی دەستمان پێکردوە تەواوی بکەین.
هۆی دواکەوتنی زۆر لە کارەکان، دڵەڕاوکێ و قەلەقی توندن، رێگە چارەش بۆ ئەمە ئەوەیە بزانین دنیای راستەقینە هیچ پاداشتێک بە ئارامنەگران نادات، بەڵکو ئەوانە پاداشت دەکات کە کارەکانیان بەو پەڕی لێهاتویی و باوەڕبەخۆبونەوە بەرێوە دەبەن.
کەوابو بڕیار بدەن، چونکە مرۆڤ هەست بە ئاسودەیی ناکات هەست بە ئامادەبونیش ناکات، رێگەچارە بۆ ئەمەش ئەوەیە مرۆڤ لە ژیاندا چەند دەرفەتێکی جۆراوجۆر و ناوازە دێتە رێی.
ئەگەر تۆ دەتەوێت لە ژیاندا گۆڕانکاری ئەرێنی بکەیت، دەبێت لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگریت.
دەبێت مرۆڤ لەژیاندا شتێک هەڵبژێرێت کە بۆی شیاوە و تاقیبکاتەوە، ئەگەر بەکەڵک نەهات شتێکی تر هەڵبژێرە و پێشکەوە، هەرگیز مەترسە لە کۆسپ و تەگەرەکان، چونکە هەرکاتێک تۆ بڕیارتدا و دەستت بەکار کرد، خۆی لەخۆیدا مانای ئەوەیە تۆ لەهەمو کۆسپ و تەگەرەکان بەهێزتری، هەمیشە گەشە بە خۆت بدە و هەوڵبدە بۆ ئەوەی دەستی کاریگەرت هەبێ لە گۆڕانکاریی ژیان و پێشەنگ بی لە داهێنان و تازەگەریدا.
پشت بەخۆت ببەستە و بڕوای تەواوت بە سەرکەوتنی خۆت هەبێت، چونکە سەرکەوتنی راستەقینە لەوەدایە خۆت باوەڕی تەواوت بەسەرکەوتنی خۆت هەبێت و وەک مرۆڤێکی هۆشیار و تێگەیشتو بژی.



> بۆ گۆڕانکاری لە ژیانت، کەڵک لە دەرفەتەکان وەربگرە

> سەرکەوتنی راستەقینە لەوەدایە باوەڕت بە خۆت هەبێت

# چۆنیەتی پاراستنی منداڵ لەدەستدرێژی

■ نەوژین،
وەرگێڕانی: نازەنین گۆران

**زۆربەی باوکان و دایکان کێشەی ئەوەیان لەلا دروست ئەبێت کەمناڵەکانیان لەلایەن هاورێی وکەسە نزیکەکانیان لێیان دەدرێت، ناکرێت لەو باردۆخانە بڵێن بەمناڵەکە پێویستە تۆش لەو کەسە بدەیت کە لێت دەدات، بەڵکو دەبێت مناڵەکانیان لەسەر داوای لێبوردن رابهێنن، بەڵام بەشێوەیەک نەبێت کە هەر کارێکی بەرامبەر کرا قبوڵی بکات و داوای لێبوردن بکات.**



بۆ ئەمە یەکەم کار کەپێویستە بیکەن ئەوەیە، کەمناڵەکانیان لەسەر متمانەبەخۆبون رابهێنن و بەشێوەیەکی باش بیر لەخۆیان بکەنەوە، چونکە ئەگەر متمانەیان بەخۆیان نەبو، وادەکات کەبەردەوام ئەوەی شەڕی لەگەڵ کرد ئەویش شەڕ بکات، تەنها بەشەڕ کردن دەتوانێت پارێزگاری لەخۆی بکات.
* چۆنیەتی فێرکردنی مناڵ بۆ پارێزگاریکردن لەخۆی
یەکەم کار کەپێویستە فێری مناڵی بکەن بۆ پارێزگاریکردن لەخۆی، پەروەردەی خێزانیە کەوادەکات متمانەی بەخۆی بێت و پارێزگاری لەخۆی بکات. بۆیە پێویستە ماڵەکەت هەمیشە ئارام بێت و گفتوگۆ بکرێت و راوبۆچون بگۆڕنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دایک وباوک هانی مناڵەکانیان بدەن لەسەر دروستکردنی هاورێیەتی، چونکە ئەگەر مناڵەکەت هاورێی نەبێت و تێکەڵی جیهانی دەرەوە نەبێت، رەنگە نەتوانێت پەیوەندیەکی باش دروستبکات و توانای تێگەیشتن و گفتوگۆکردنی نەبێت.
* هەندێک ئامۆژگاری بۆ دایکان
تورە مەبە لەمناڵەکەت ئەگەر لەلایەن یەکێک لەهاورێیەکانیەوە لێیدرا، بەڵکو لێی تێبگە بزانە چی رویداوە؟ وایلێبکە هەست بە پارێزراوی بکات و تۆ لەگەڵ ئەویت و بەجێیناهێڵیت و یارمەتی پێویستی پێشکەش دەکەیت.
وایلێبکە ئەو هەست بکات کە تۆ متمانەت پێی هەیە، دەتوانێت خۆی چارەسەری کێشەی خۆی بکات، بەڵام هەرگیز نازی زیاد لە پێویست مەبەخشە بەمناڵەکەت.
کێشەنابێت ئەگەر مناڵەکەت فێری هەندێک یاری بەرگریکردن لەخۆی بکەیت، بۆنمونە (کاراتێ یان تایکواندۆ)، چونکە ئەوە وادەکات متمانەی بەخۆی بێت و کەسایەتی بەهێزبکات. هەروەک واشدەکات کەسانی تریش بەچاوی هێزەوە سەیری بکەن.
هانیبدە لەسەر ئەوەی بەردەوام هەمو شتێکت بۆ باس بکات، تەنانەت ئەگەر خۆی دیوە لاوازەکەش بێت، چونکە ئەگەر ئەو کارانەی بەرامبەری دەکرێت بیشارێتەوە، ئەوە زیاتریش دەبێت و ئەوکات چارەسەری گرانتردەبێت.
هەوڵبدە لە شوێنەکراوەکان بمێنێتەوە، چونکە ئەوە وادەکات توانای گفتوگۆ وتێگەیشتنی هەبێت.
مناڵ فێری ئەوە نەکەن کە کەسێک لێدا ئەویش لەو کەسە بداتەوە، چونکە وادەکات دوژمنی زۆر بێت، لەم باردۆخە ناتوانیت رێگری لێ بکەی، چونکە وای لێدێت رێزی هیچ یاسایەک ناگرێت.
بۆیە فێری متمانەبەخۆبونی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانیت بەو متمانەیەوە نەهێڵیت کەس دەستدرێژی بکاتەسەری.
هەوڵبدەن هاورێ بن بۆ مناڵەکانتان، بۆ ئەوەی هیچتان لێنەشارنەوە.

سەرچاوە: سایتی (موضوع)

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
یەکەم ژمارەی لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ دا دەرچوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)وە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.
رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.
بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە
تەلەفۆن:
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

# پەیکەری دایکی ئەنفال لە ناحیەی رزگاری



فۆتۆ: وەلید فۆتۆگرافی







**پەیکەری (دایکی ئەنفال) کە دروستکراوی ژنە پەیکەرتاش (ئاسۆس جاف)ە، لە ناحیەی رزگاری دانرا.**